دیمۆکراسی بۆ ئێران

خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٣١٢
١٠٠ تمەن

١١ی جۆزەردان ١٣٨٠
١ی ژوئەنی ٢٠٠١

## بەیاننامەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە بارەی

# هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری

کۆماری ئیسلامی خۆی ئامادە دەکا تا شانۆی هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ١٨ی جۆزەردان دا بەڕێوە ببا. ئەو کاندیدایانەی لە لایەن شوورای نیگابانەوە تەئیید کراون هاتوونەتە مەیدان تا لە ژێر چاوەدێریی "استصوابی"ی هەر ئەو شوورایەدا، ململانێی هەڵبژاردن بگەیەننە ئاکامو بەختی خۆیان لە سندووقەکانی دەنگدان دا تاقی بکەنەوە. لە تەنیشت ئەو خۆئامادە کردنانەدا، دوایین ئاڵقە لە گرتنو راونانو کردەوەی سەرکوتکەرانەش بەڕێوە چووە تا هیچ چەشنە ئیعترازو رەخنەیەك، هێمنیی ئەو یارییە تایبەتییە نەشێوێنێ. بەڵام هەموو ئەو خۆئامادە کردنو شانۆسازییانە، کە بە دژایەتی لە گەڵ ویستی خەڵكو بە دوور لە ئیرادەی ئازادی ئەوان ئەنجام دراون، بەوەوە بەستراوەتەوە کە سەرئەنجام ئەو شانۆیە چۆن پێشوازیی لێ دەکرێ.

٢

## وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی

# هەڵبژاردنی هەشتەمین دەورەی سەرکۆماری

**بەشیی فارسیی رادیۆ نێونەتەوەیی فەرانسە ـ بەرنامەی "زمینەها و زمانەها"**

**شەوی ١٣٨٠/٣/٥**

**پرسیار: ئاغای حەسەن زادە! حیزبی ئێوە بەشداری لە هەڵبژاردنی ساڵی رابردووی مەجلیسیدا تەحریم نەکرد، بەڵکوو داوای لە خەڵك کرد دەنگ بدەنە کاندیداکانی جێگای متمانەی خۆیان، داخوا ئێوە پێتان وایە کە بزووتنەوەی خەڵك سالاری لە ئێران دا ـ ئەگەر بەکارهێنانی ئەو وشەیە بۆ رێژیمی ئێران بە گونجاو بزانین ـ پاشەکشەی کردوە، بۆیە هەڵبژاردنی سەرکۆماریتان تەحریم کرد؟**

***عەبدوڵڵا حەسەن زادە:*** ئێمە لە یەك ساڵی رابردووش دا پێمان وانەبوو کە گۆیا کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا خەڵك سالاریی جێگیر کردوە، بەڵام پێمان وابوو کە هەلومەرجێکی وا رەخساوە کە خەڵك دەتوانن نوێنەری جێگای متمانەی خۆیان هەڵ بژێرنو رێژیمیش ناتوانێ کەسانی دڵخوازی خۆی لە سندووقەکان بێنێتە دەرێ. بۆیە ئێمە داوامان لە خەڵك کرد لە دەرەوەی قۆڵبازییەکانی نێو حاکمییەت دەنگ بەو کەسانە بدەن کە متمانەیان پێ دەکەن، بۆیە ئێمە پێمان وانیە کە لەم پێوەندییەدا ئاڵوگۆڕێك لە هەڵوێستی ئێمەدا پێك هاتبێ. چونکە بەداخەوە ئێمە هەمیشە باوەڕمان وابوو کە کێشەی نێوان قۆڵەکانی رێژیم تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە جیددییە، بەڵام لەو جێگایانە کە باس لە مافو ئازادییەکانی خەڵك دێتە گۆڕێ، ناکۆکییەکی قووڵو ریشەییيان نیە.

٣

# بۆچی تەحریم؟

**حەیدەر**

زیاتر لە چەند رۆژێ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی سەرۆك کۆماری نەماوە. لە نێو زیاتر لە ٨٠٠ کاندیدای پۆستی سەرۆك کۆماریدا، سەرەنجام تەنیا ١٠ کەس سەلاحییەتیان لەلایەن شوورای نیگەهبانەوە تەئیید کراو هاتنە مەیدانی ململانێی هەڵبژاردن.

تا ئەو جێگایە پێوەندیی بە حاکمییەتەوە هەیە، قۆڵی زاڵو دەسەڵاتداری رێژیم بەهۆی ناهومێدبوون لە سەرکەوتنی خۆی لەهەڵبژاردن دا، لە ناساندنی کاندیدایەکی دیارو بەستراوە بەخۆی، خۆی بواردوەو هەر لە ئێستاوە دیارە کە بە هەڵبژێرانی خاتەمی رازی بووە. لە روانگەی ئەو قۆڵەوە، ئەگەرچی خاتەمی هەڵبژاردەیەکی باشو دڵخواز نیە، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا باشترین هەڵبژاردەیە بۆ تەواوەتی رێژیمو پاراستنی کۆماری ئیسلامی.

٥

## پەیامی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراو شازاد سائیب

٤

هەواڵەکانی کوردستان ........ ٦
تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات ........ ٦
مافی نێونەتەوەییو کەمایەتییە نەتەوەییەکان (٢) ........ ٨
چاوخشاندنێك بەسەر بارودۆخی منداڵان لە ئێرانی ئیسلامیدا ........ ١٠

**بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## بەیاننامەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێمۆکراسی

### لە بارەی

# هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری

درێژەی لاپەڕەی ١

مەیدانداڕانی ئەسڵیو داڕودەستە حکومەتییەکان، بە مەبەستی دابین کردنی مەشروعییەت بۆ ڕێژیمەکەیان، خەڵك بۆ بەشداریی بەربڵاو لەو هەڵبژاردنەدا بانگەواز دەکەن. هاتن بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، وەك هەمیشە بە "تەکلیفی شەرعی" لە قەڵەم دەدرێو هەڕەشەو تەماع وەبەرنانو تەبلیغاتی ساویلکە خەڵەتێنانە، شێوەی باوی گەرم کردنی "تەندووری هەڵبژاردن"ە. لەونێوەدا، قۆڵی داواکاری ئیسلاحات لە نێو حکومەتیش دا، کە لە فکری زیندووکردنەوەو سەرلەنوێ نیشاندانەوەی ڕووداوی "دووی جۆزەردان" دایە، هەوڵ دەدا بۆ پاراستنی مەوقعییەتی ئێستای خۆی، بە دووپات کردنەوەی بەڵێنەکانی خۆی لە بارەی ئیسلاحات، دەنگێکی زیاتر وەدەست بێنێ.

بەڵام ئەو چوار ساڵە پڕ ڕووداوەی بەسەر ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦دا ڕابردوە، دەمامکی لە سەرو سەکوتی زۆران هەڵ گرتوە، زۆر پەردەی لاداوەو ڕاستیی زۆری بۆ کۆمەڵانی خەڵك ڕوون کردوونەوە.

ئەگەر لە هەلومەرجی دیاریکراوی جۆزەردانی ١٣٧٦دا، هاتنی بەربڵاوو چاوەڕوان نەکراوی خەڵك بۆ مەیدانی ململانێی نێوخۆیی قۆڵە حکومەتییەکان، هەموو کاردروستاییەکی قۆڵی فەرمانڕەوای بۆ دەست بەسەرداگرتنی دەسەڵاتی ئیجرایی، پووچەڵ کردەوەو، ئەو "نا" گەورەیەی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی دا تۆمار کرد، ئێستا پاش تێپەڕینی چوار ساڵ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵانی خەڵك، بەتایبەتی لاوان، ژنان، ڕووناکبیرانو زانستگاییەکان، چوارچێوەیەکی زۆر بەرینتری بەخۆوە گرتوەو لە ڕێبازی خۆی بەرەو ئازادیخوازیو داوا کردنی دادپەروەریدا، بووە بە خاوەنی ڕوحیەو ئامانجی بەرزتر. ئەگەر ئەو بەشدارییە بەربڵاوەی خەڵك لە هەڵبژاردن دا، سەرکەوتنی قۆڵی خاتەمیی مسۆگەر کردو ناوبراوی لە سەر کورسیی سەرکۆماری ڕۆنیشاند، بەڵام لە لایەکی دیکەوە هیچکام لە دورووشمەکانی ئەوان لە کاتی هەڵبژاردن داو ئەو ڕیفۆرمانەی بەڵێنیان دابوو، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بەکردەوە نەهاتنەدی.

بە تێپەڕینی ئەو چوار ساڵە دوژمنایەتیی قۆڵی خامەنەیی لەگەڵ هەرچەشنە ئیسلاحاتێکو بێتوانایی ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی لە بەرەوپێشبردنی ئیسلاحاتێك دا کە مەبەستیان بوو، بە تەواوی ئاشکرا بووە. لە بواری سیاسیدا کە گرنگترین تەوەرەی کەڵەکە بوونی ویستو داخوازەکانی خەڵك لەو بڕگە زەمانییە دایە، نەك هەر باشبوونێکی ئەوتۆ بەرچاوناکەوێ بەڵکوو شانبەشانی ڕێککەوتنو پاشەکشە پەیتا پەیتاکانی داواکارانی ئیسلاحات، هێرشی سەرکوتکەرانەی قۆڵی باڵادەست، پەرەی گرتوە. لە بوارە کۆمەڵایەتیو ئابووریەکان دا، کارنامەی چوارساڵەی دەوڵەتی خاتەمی لە کارنامە سیاسییەکەی هیچ باشتر نیە. ئەوەش بە جێی خۆی کە دەرفەتێکی دیکە بۆ قەرەبووی دواکەوتووییەکانو باش کردنی کارو ژیانی خەڵك، لەکیس چووە. ئەگەر خاتەمیی تازە پشووی چوار ساڵ لەوەپێش، بەو شوورو شەوقو حەزو تاسەیەی کە بەهەر حاڵ ئەو کات هەبووو بەو زۆرایەتییەی کە پاشان لایەنگرانی ئەو لە مەجلیسی ڕێژیم دا وەدەستیان هێنا، نەیتوانی بەکردەوە هیچ کارێك بەرەو پێشەوە ببا، خاتەمیی دووپاتبۆوەی سبەینێ، گومانی تێدا نیە کە تواناییەکی زیاتری نابێ. ئەزموونی چوارساڵی ڕابردوو بۆ هەمووانی دەرخست کە خاتەمی، لەگەڵ هەموو جیاوازیو ناکۆکییەك لەگەڵ قۆڵی ڕقەبەردا هەیەتی، لە دوا بڕیاردا پاراستنی میراتی خومەینی، مانەوەی کۆماری ئیسلامیو پارێزگاری لە قانوونی ئەساسی هەڵ دەبژێرێو پشت لە ویستەکانی خەڵك دەکا. خەڵکی نیشتمانی ئێمە لە بەر ڕووناکایی ئەزموونی چەندین ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیو بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا دیویانەو دەبینن کە مەسەلەی بنەڕەتی، مەسەلەی تاك (فرد) نیە، بەڵکوو مەسەلەی نێوەڕۆکو پێکهاتەی ئەو نیزامەیە کە کۆسپی سەر ڕێی پێکهاتنی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێك بە مەبەستی جێگیر بوونی دێمۆکراسیو دابین بوونی ویستەکانی خەڵکە.

ئێمە وەك بەشێك لەو هێزانەی کە لە مێژساڵە بۆ دابین کردنی ئازادییە سیاسییەکانو مافە دێمۆکراتیکەکانی خەڵك، بۆ لە نێو بردنی هەرچەشنە فەرقو جیاوازی دانانێك، بۆ دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێر ستەمو باشبوونی هەلومەرجی ژیانو کاری خەڵك، خەبات دەکەینو هەمیشە لە سەر جیایی بە تەواویی دین لە دەوڵەت پێمان داگرتوەو بە مەبەستی سەقامگیر بوونی نیزامێکی دێمۆکراتیکو گەلی لە ئێران دا تێکۆشاوینو لەم ڕێیەدا زەبرو زیانێکی زۆرمان وێ کەوتوە، بەشداری لەو شانۆسازییەی هەڵبژاردن دا بە هیچ جۆر بە قازانجی ویستو بەرژەوەندی خەڵك نازانینو لە هەموو خەڵك لە سەرانسەری ئێران داوا دەکەین کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار نەبن، بەشداری لەو شانۆیەدا بە مانای تەئییدی درێژەکێشانی ئەو وەزعە دڵتەزێنەیە کە ئێستا هەیەو هیچ گرێ کوێرەیەکی خەڵکی بێبەشو زۆر لێکراو ناکاتەوە. کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیە بە دەستی کۆمەڵانی خەڵکە کە بە پەرەپێدانو بەهێز کردنی پێوەندی خەباتگێڕانەی خۆیان لە بوارەجۆراوجۆرەکان دا، هێزی لەبڕان نەهاتووی خۆیان وەگەڕ بخەنو چارەنووسی خۆیان بگرنە دەستی بەتوانای خۆیان. ئێمە لە هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیونی دێمۆکراتیکو شۆڕشگێڕ داوا دەکەین یارمەتی بە ڕێکخستنی نارەزایەتیو بەهێزکردنی خەباتی خەڵك بکەنو بەش بە حاڵی خۆشمان هەوڵ دەدەین لانی زۆری توانای خۆمان لەو ڕێیەدا بەکار بێنین.

کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێمۆکراسی
٥ی جۆزەردانی ١٣٨٠
٢٦ی مای ٢٠٠١

پێکهاتوو لە:
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران،
ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائییەکانی گەلی ئێران،
ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار).

## وتوویژی رادیۆی نیونەتەوەیی فەرانسە لەگەڵ سکرتیری گشتیی حیزب لەبارەی

# هەلبژاردنی هەشتەمین دەورەی سەرکۆماری

دریژەی لاپەرەی١

**❑ ئاغای حەسەن زادە! چوار ساڵ پێش ئیستا کە خاتەمی لە نیو هیواو هومیدو چاوەروانیی خەلك دا بە سەرکۆمار هەڵ بژیردرا ئیوە چاوەروانی جیبەجێ بوونی چ جۆرە ریفورمیك بوون؟**

❍ ئەمن پیم وایە کە ئیمە ئەو دەم لە بەیاننامەیەك دا کە بەو بۆنەیەوە بلاومان کردەوە، بۆچوونی خۆمان دەربری. ئیمە ئەگەرچی ناراستەوخۆ بە خاتەمیمان گوت بۆ ئەوەی نیشان بدا کە ئیمکانی وەدیهاتنی ویستەکانی خەلك لە چوارچیوەی کۆماری ئیسلامیدا هەیە، زۆر ئەرکی گرنگی لە سەرشانن، بۆ نموونە وەدیهینانی ئامانجە دیمۆکراتیکەکانی خەلك، جیگیر کردنی ئازادییە دیمۆکراتیکەکان، چارەسەرکردنی کیشە ئابوورییەکانی خەلك، جیبەجێ کردنی ویستە نەتەوەییو فەرهەنگییەکانی گەلانی ئیرانو زۆر کیشەی دیکەی لەو بابەتە. بەلام بەداخەوە ئاغای خاتەمی لە ماوەی چوارساڵ سەرکۆماریی خۆیدا هیچ کام لەو داخوازانەی جیبەجێ نەکرد. واتە لەم چوار سالەدا دەرکەوت کە نە خاتەمی بۆ خۆی لە بنەرەت دا خوازیاری ئالوگۆری قووڵو بنەرەتییە نە توانای ئەوەشی هەیە ئەو برە ئازادیو ئازادییە دیمۆکراتیکانە دابین بکا کە بۆخۆی باوەری پییانە.

**❑ بە بۆچوونی ئیوە دەسکەوتی سەرکۆماریی خاتەمی لە ماوەی چوار سالی رابردوودا بۆ خەلکی ئیران چ بووە؟**

❍ ئەمن پیم وایە باشترین دەسکەوتی خەلك لەم دەورەیەدا ئەوە بوو کە هاتنە مەیدان، هەروەك پیشتر لە مەیدان دا بوون، بەلام لەو هەلە کەلکیان وەرگرت، بۆ ئەوەی کە قسەی خۆیان بکەن، ترسیان شکا. ئیستا ئیدی خەلك قسەی خۆیان دەکەنو ئەو ترسەی کە پیشتر لە حاکمییەتیان بوو بە تەواوی وەلایان ناوە. ئەگینا پیم وانیە دەولەتی خاتەمی بەکردەوە بە قازانجی خەلكو بۆ وەدیهینانی ئازادیو دیمۆکراسی هەنگاویکی هەڵ هینابیتەوە.

**❑ واتە بە بروای ئیوە، خاتەمی کاری لەمە زیاتری لە دەست دەهاتو نەیکرد؟**

❍ ئەمن پیم وایە خاتەمی ئەگەر بۆخۆی ویستبای دەیتوانی بیکا. چونکە بە شیوەیەکی بەرین لە لایەن خەلکەوە پشتیوانیی لیدەکرا. واتە بە زۆرایەتیی دەنگی دەنگدەرانەوە کە نزیکەی سێ چوارەمی دەنگەکان بوو هەڵ بژیردرابوو. ئەگەر متمانەی بە خەلك کردباو بە راشکاوی گوتبای کە خەلکینە ئەمن دەمەوێ داخوازەکانی ئیوە وەدی بینم، بەلام ئەمانە کۆسپم بۆ ساز دەکەن، بەجۆرە داوای پشتیوانیی لە خەلك کردبایە، لەوباوەردام کە کاری زۆرتری پیدەکرا. بەلام بەداخەوە هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر فشارو هەرەشەی قۆلی رکەبەردا خۆی بەدەستەوە دا.

**❑ بە بۆچوونی ئیوە سەرکۆماریکی ریفورمخواز لە ریژیمی ئیستای ئیران دا دەبێ چەندە ئازایەتی لە خۆی نیشان بدا؟ ئایا باشتر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر بە مایەدانان لە ئابرووی خۆشی بووە لە مەیدان دا بمینیتەوەو ئەوەندەی بۆی دەکرێ هەزینەی دژایەتی لەگەڵ مافەکانی خەلك لە لایەن قۆلی رکەبەرەوە بەرەوژوور بەرێ یا مەیدانەکە بۆ یەکیك لە کاندیداکانی سەربە قۆلی کۆنەپاریز بەجێ بهیلێو وەك دەلین ریزو سیمای میلیی خۆی بپاریزێ، یا ئەوە کە بە جاریك لە سیمی ئاخر بداو پاشان ئەگەر بەخت یارمەتیی داو توانی بە سلامەتی لە گیچەلەکە خۆی رزگار بکا، راکا بۆ دەرەوەی ولات؟**

❍ ئەمن هیچکات لەو باوەرەدا نیم کە ئەگەر ئاغای سەید محەمەدی خاتەمی لە بەرامبەر فشاری قۆلی رکەبەردا راوەستابا، ریسوایان دەکرد. بە پیچەوانە، پیم وایە ریزو حورمەتی پتر دەبوو. بۆ نموونە پیم وایە ئەگەر ئاغای خاتەمی لەم دەورەیەدا بە خەلکی گوتبا کە لە بەر ئەوەی لە ماوەی چوار سالی رابردوودا نەمتوانیوە هیچ کام لە ویستەکانی ئیوە وەدی بهینمو دلنیام کە لە چەند سالی داهاتووش دا ناتوانم ئەو کارە بکەم، داوای لیبووردنتان لیدەکەم، بەسەربەرزییەوە مەیدانەکە بەجێ دیلمو ماڵ ئاواییتان لیدەخوازم، پیم وایە بەم کارە ریزو حورمەتی پتر دەبوو. ئیستاش ئەمن لەو بروایەدا نیم کە ناوبراو هەر لەجێ دا توانای کاریکی وای هەبێ. چونکە کۆماری ئیسلامی لە نیوەرۆکی خۆیدا توانای پیکهینانی هیچ چەشنە ئالوگۆری قوولی لە خۆیدا نیە. ئاغای خاتەمی بۆخۆی باوەری بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی هەیە، باوەری بە قانوونی ئەساسی هەیە، باوەری بە "ولایت فقیه" هەیە، باوەری بە هەموو ئەمانە هەیە. لەم چوارچیوەیەش دا ناتوانێ ئالوگۆری قووڵ پیك بینێو هەر لەجێدا نیوەرۆکی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ریگای کاریکی ئەوتۆی پێنادا. بەلام ئەگەر گویی لە بیرورای گشتی گرتبایە، ئەمن پیم وانیە ئابرووی چووباو ئیستاش لەو باوەرەدا نیم کە مەیدانەکە بۆ یەکیك لە کۆنەپاریزەکان بەجێ دەهیلێ، پیم وایە کۆماری ئیسلامی مۆرەیەکی لە خاتەمی باشتری لە مەیدان دا نیە. ئەمن پیم وایە لە چەند سالی رابردوودا پتر خزمەتی بە کۆنەپاریزەکان کردوە تا بەو ریفورمانەی کە بەردی ئەوانی لە سنگی خۆی دەدان. [لەو ماوەیەدا خاتەمی] کۆگایەك لە گیروگرفتەکانی کۆماری ئیسلامیی چارەسەر کردوون.

**❑ ئاغای حەسەن زادە! داخوا دەکرێ ئەم دوایین رۆژانەی دەولەتی خاتەمی بە جۆریك لە گەڵ دوایین رۆژەکانی دەولەتی موسەدیق دا بەراورد بکەینو داخوا ئەو ریفورمخوازانەی پشتی خاتەمی بەردەدەن وەك چۆن حیزبی توودە دواتر لەو هەلویستەی کە پیش ٢٨ی گەلاویژ گرتبووی پەژیوان بۆوە، دواتر پەژیوان نابنەوە؟**

←

❍ یەکەم ئەمن پێم وانیە کە ئەم ڕۆژانە دوایین ڕۆژەکانی دەوڵەتی خاتەمی بن‌و هەروەها پێشم وانیە کە لەگەل دوایین ڕۆژەکانی دەوڵەتی موحەممەدی موسەدیق دا وێك دەچن، چۆنکە دوکتور موسەدیق لە گەڵ قۆڵێکی گەلێك بەهێزتر لەخۆی بەرەورو بووو ناکۆکی‌یەکانی [لەگەڵ قۆڵی موخالیف ] لە سەریەك بنەڕەتی بوون. بەڵام ئەمن پێم وانیە ئاغای خاتەمی لەگەڵ قۆڵی کۆنەپارێزدا لەباری بیرو بۆچوونەوە، جیاوازی‌یەکی بنەڕەتیی هەبێ. ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئاغای خاتەمی ئەمجارە نەك هەر بە دەنگی ریفورمخوازان، بەڵکوو بە دەنگی کۆنەپارێزانیشەوە هەڵ دەبژێردرێ، ئەوان هەوڵ دەدەن کە [خاتەمی ]دەنگی کەمتر بێنێتەوەو هەروا لەباری کەسایەتی‌یەوە، کەسایەتی‌یەکی بە هێزی نەبووەو نیەو نابێ، لە باری پشتیوانیی کۆمەلانی خەڵکیشەوە لاوازتر دەبێ. دەیانەوێ خاتەمی کەسێکی گوێڕایەڵ تر بێ‌و پتر مل ڕاکێشێ.

❑ **دوایین پرسیارم ئەوەیە کە ئاڵترناتیوی ئێوە لە بەرامبەر هەڵبژاردن دا لە هەلومەرجی ئێستادا چیە؟ داخوا ئێوە پێتان وایە کە دەتوانن لە ڕێگای دیکەوەو بە کەڵك وەرگرتن لە ئامرازی دیکە خەڵك سالاری لە ئێران دا جێگیر بکەن؟**

❍ لە هەلومەرجی ئێستادا بەم زووانە کارێکی ئەوتۆ ناکرێ، بەڵام ئەمن پێم وایە خەڵکی ئێران دەتوانن بریاری خۆیان بدەن‌و ڕێگای خۆیان دیاری بکەن. قەرار نیە کە خەڵك دەبێ لە نێو قۆڵەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی‌دا یەکێك هەر هەڵ بژێرن. دەکرێ بیر لە گۆرینی ئەم نیزامە بکەنەوە. هەروا کە لە دروشمی سەرەکیی ئێمەدا هاتوە. ئێمە پێمان وایە خەڵك دەبێ بە ڕاشکاوی داخوازە رەواکانیان بێننە گۆڕێ، ئەوەندەی دەکرێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوەو ئەگەر خوانەخواستە بەم شێوەیە نەکرا لەوانەیە کار بکێشێتە توندو تیژی‌و ڕاپەرینی کۆمەڵانی خەڵکیش. ئەمن پێم وایە کە نابێ زۆر لەوە بترسێن. ئێستا کە خەڵك ناتوانن لە ریگای ئاشتیخوازانەوە بە ئامانجەکانیان بگەن، قەیدێ ناکا با توندو تیژیش پیشان بدرێ.

❁❁❁



## پەیامی سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی دوایی تیکۆشەری ناسراو "شازاد سائیب"

**ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢١ی زایینی خەباتگیری ناسراو شازاد سائیب لە کادرە لیوەشاوەو لەمیژینەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە کارەساتیکی دلتەزینی ماشین لیخورین لە ریگای سلیمانی ـ دوکان دا بەداخەوە گیانی لەدەست دا. بەم بۆنەیەوە سکرتیری گشتیی حیزب هاوریی بەریز عەبدوللا حەسەن زادە پەیامیکی سەرەخۆشیی بۆ بەریز مام جەلال سکرتیری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان نارد. دەقی پەیامەکە بەم جۆرەیە:**

**برای زۆر بەریزو خۆشەویست مام جەلال**
**سکرتیری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**سلاویکی گەرم**

به داخیکی گرانەوە لە هەوالی رووداوی دلتەزینی مەرگی لەناکاوو ناوەختی تیکۆشەری ناسراو کاك شازاد سائیب ئاگادار بووین. کاك شازاد کادریکی بەوەجی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، تیکۆشەریکی بەئەزموونی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردو رووناکبیریکی بەتوانا بوو. هەربۆیە لە دست چوونی بە خەساریکی گەورە نەك هەر بۆ حیزبەکەی خۆی، بەلکوو بۆ تیکرای بزووتنەوەی کورد دەژمیردریَ.

بەوبۆنە ناخۆشەوە بە ناوی خۆم‌و بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانەوە پربەدڵ سەرەخۆشی لە جەنابت، لە بنەمالەی بەریزی خوالیخۆشبوو، لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و تیکرای خەلکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم. هیوادارم خوای گەورە سەبووری بە هەموو لایەك بداو جیگای خوالیخۆشبووش لە بەهەشتی بەرین‌و لە باوەشی بەزەیی‌و بەخشینی خۆیدا بکاتەوە.

**اناللە و انااليە راجعون**

**عبداللە حسن زادە**
**سکرتیری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران**
**٢٠٠١/٥/٢٢**

## بەشداری لە ریورەسمی بەخاکسپاردنی تیکۆشەری ناسراو "شازاد سائیب"دا

هەیئەتیکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران پیکهاتوو لە هاورییان حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی، محەممەد شەهرەوان‌و کاوە بەهرامی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە مەبەستی دەربرینی هاودەردی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە پیوەندی لەگەڵ مەرگی ناوەختی کاك شازاد سائیب دا، سەعات ١١ی بەیانیی رۆژی پینج شەممۆ ریکەوتی ٣ی جۆزەردانی سالی ١٣٨٠ی هەتاوی گەیشتە شاری سلیمانی. ئەو هەیئەتە سەعات ١١ی بەیانی لە ریورەسمی بەریَ کردن‌و بەخاك ئەسپاردنی خوالیخۆشبوو کاك شازاد سائیب دا بەشداری کردو سەعاتی ٣ی دوانیوەرۆی هەمان رۆژیش لە مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشیی ناوبراودا ئامادە بوو.

هەیئەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لەم ریورەسمەدا پرسەوسەرەخۆشیی بەریوەبەرایەتیی حیزبی گەیاندە بەریز مام جەلال تالەبانی سکرتیری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و ئەندامانی سەرکردایەتیی یەکیەتی‌و، هاوسۆزی‌و هاودەردیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و بنەمالەی بەریزی کاك شازاد سائیب دەربری.

# بۆچی تەحریم؟

درێژەی لاپەڕی ١

لەبەرەی ریفۆرمخوازە حکوومەتی‌یەکانیش دا بەگشتی وەزعییەت نەگۆڕاوەو هیچ دەست پێشخەری‌یەك بەرچاو ناکەوێ. ئێستا ریفۆرمخوازە حکوومەتی‌یەکان هەموو هیوای خۆیان بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانیان لە هەڵبژێرانی دووبارەی خاتەمی‌دا دەبینن. بەسەرنجدان بە دیمەنێکی ئەوتۆ لە وەزعییەتی هێزەکانی نێو حاکمییەت، هەر لە ئێستاوە دەتوانین گومانمان نەبێ کە خاتەمی تەنیا "براوەو سەرکەوتوو"و بە واتایەك تەنیا "راکەر" (دوندە)ی ئەم پێشبڕکێ‌یەیە. لەم روانگەیەوە هەڵبژاردنی داهاتوو لەبارێکەوە "انتصابی" (دانان) دەبێ.

بەڵام هەڵوێستی هێزەکانی نێو دەسەڵات تەنیا لایەنێکی مەسەلەکە پێك دێنێ. لەلایەکەی دیکەی مەسەلەکە کۆمەڵانی خەڵك هەڵکەوتوون کە بە هۆی فشارە سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکان لە وەزعییەتی ئێستا بێزارن‌و داواکاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین. هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لەکاتێك دا بەڕێوەدەچێ کە کۆمەڵگەی ئێران تووشی قەیرانێکی سیاسیی جیددی بووە کە ئاکامەکەی دیار نیە. ئەم ئاکامە زەنگی مەترسی‌یەکی ئەوتۆی لە بناگوێی حاکمییەت لێداوە کە تەنانەت بەشێکی گرنگی موحافیزەکارەکانیش هەستیان بەپێویستیی ریفۆرم ـ بەڵام لەچوارچێوەی رێژیم دا ـ کردوە.

گومانی تێدا نیە کە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، مەیلی کۆمەڵ بۆلای خاتەمی‌و قۆڵی ریفۆرمخواز وەك دووهەمی جۆزەردانی ٧٦ گەرم‌و گوڕ نابێ. خەڵك لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا، توانا‌و شوێن دانانی هەڵبژاردنیان لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بەقازانجی خواست‌و داخوازی‌یەکانیان تاقی کردۆتەوە. دیارە کە لە نێوان دەورەی حەوتەم‌و هەشتەمی هەڵبژاردن دا خەڵك وەك هێزێکی یەکلاکەرەوە شوێنیان داناوە. لە چوار سالی رابردوودا هاتنی خەلك بۆ مەیدانی هەلبژاردن ناتەبایی راستەقینەی ئەم ریژیمەی لە نیوان کۆماری بوون‌و سەرەرۆیی‌دا بەراشکاوی دەرخست. ئەوان بە هیزی خۆیان تەواوی ناوەندە ئینتیخابی‌یەکانیان دایە دەست ئەو کەسانە کە دروشمی پیکهینانی گۆرانکاری بەقازانجی خەلکیان دەدا. کەواتە لەو ماوەیەدا مەبەستی روون بۆ بەشداری لە هەلبژاردن دا لە گۆڕێدا بوو. ئەو مەبەستە بریتی بوو لە خوشکردنی ریگە بۆ دابین بوونی داخوازە سیاسی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌یەکانی خەلك‌و پاشەکشە بە سەرەرۆیی لە سەنگەرەکانی خۆی. ئەم مەبەستە پیوەندیی بە سەردەمیکی تایبەتی لە گەشەکردنی جوولانەوەی گشتیی‌یەوە هەبوو کە ئیستا ئیدی گۆرانی بەسەردا هاتوە. ریفۆرمخوازان بە پشتیوانیی خەلك، لەماوەی ئەو چوار سالەدا مەوقیعییەتیکی تایبەتی‌و بالادەستیان بۆ پیك هات، ئەوان بە سەرکەوتن لە هەلبژاردنی مەجلیسی شەشەم دا بەتەواوی وەزعییەتیکی باشیان بۆ پیك هات. چاوەروانیی گشتی لەو پیگە وەدەستهاتووە ئەوە بوو کە بە هینانە دەری مەجلیس لەدەستی موحافیزەکارەکان ریگا بۆ هەنگاوی دواترو هاتنە دیی بەلینەکانی ئەم قۆلە خۆش‌و هەموار دەبێ. بەڵام بەپیچەوانەی چاوەروانی، سەرکەوتن لە مەجلیسی شەشەم دا کە لوتکەی سەرکەوتنی ریفۆرمخوازەکان بوو، لەراستی‌دا، بوو بە سەرەتای پاشەکشەی یەك لە دوای یەکەکانی ئەوان بەرامبەر بە قۆلی رقەبەر. خالی لاوازی گەورەو سەرەکیی ئەوان ئەوە بوو کە پاش سازبوونی ناکۆکی لەنیوان دامەزراوە ئینتیخابی‌و نائینتیخابی‌یەکان بێدەنگ بوون‌و ئامادەنەبوون رووبەرووی دامەزراوە غەیرە ئینتیخابی‌یەکان ببنەوە.

تا ئەو جیگایەی پیوەندیی بە خەلکەوە هەیە، ئەوان لەماوەی ئەو چوار سالەدا، بە لیبراوی‌یەوە ئیرادەی خۆیان سەبارەت بە گۆران سەلماند. بەڵام خاتەمی‌و قۆلی ریفۆرمخواز نەیان توانی لە توانای یاسایی‌و ئەو هیزە گەورەیەی پشتیوانیی لەوان دەکرد، کەلك وەرگرن. ئەوان لەو چوار سالەدا، گەلیك هەلی زیرینیان بۆ بەجێگەیاندنی بەلینەکانیان لەکیس دا. ئەگەر دوینێ بە پالپشتیی ٢٠ میلیۆن دەنگ هەنگاونان بۆ هینانەدیی داخوازی‌یەکانی خەلك ساکار دەهاتە بەرچاو، ئەمرۆ بەدوای بێباوەربوونی بەشیکی بەرچاوی خەلك، لەوە کە هەلبژاردن سوودیکی هەیە، چاوەروانیی بەرەوپیشچوون بێمانایە. ئیتر ناتوانرێ بە زەق کردنەوەی وشەی جوان‌و خەلك پەسند، خەلك بینیتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەزموونی چوار سالەی کارو کردەوەکانی ریفۆرمخوازەکان نیشانی دا کە لە قەوارەی کۆماری ئیسلامی‌دا، دامەزراوە ئینتیخابی‌یەکان لە باشترین حالەت دا ناتوانن ئالوگۆری جیددی پیك بینن‌و تەنانەت دەسکەوتەکانیش بپاریزن. لە وەها هەلومەرجیك دایە کە بەریوەچوونی هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری نزیك دەبیتەوە.

ئیستا ئیدی لە بەرنامەی تەبلیغاتیی کاندیداکان دا، شتیك زیاتر لەوەی کە لە رابردوودا دووپات کراوەتەوە، بەرچاو ناکەوێ. خاتەمی ئیستاش لە باس کردنی کۆسپەکانی سەر ریگەی ئالوگۆر خۆ دەبویرێ‌و هیچ چەشنە بەرنامەیەکی روونی بۆ دەربازبوون لە بونبەستی ئیستای نەهیناوەتە گۆرێ‌و بە گوتنەوەی هیندیك شتی گشتی وازی هیناوە. کەواتە تاقیکردنەوەی سیاسەتیکی شکست خواردوو بریتی لە هیواداربوون بە ئالوگۆر لە چوارچیوەی ریژیمی ئیستادا، هەلەیەکی نەبەخشراوە. ئەمە شتیکە کە کۆمەلی بەرەو پیداچوونەوەی شیوازەکان هان داوە. رەوتی ریفۆرمخوازیی نیوحاکمییەت بەهۆی بێتوانایی لە بەریوەبردنی بەرنامەکانی خۆی لەلایەك‌و کەم‌و کووری لە بیروباوەرو بۆچوونی سیاسی‌دا لەلایەکی دیکەوە تووشی "انفعال" بووە. هاودەنگی لەگەڵ ئەم رەوتە هیچ سوودیکی جگە لە دریژەکیشانی "انفعال" و بێبرشتی نیە.

ئیستا قۆلەکانی ریژیم سەرەرای ناکۆکی‌یە نیوخۆیی‌یەکانیان، لەسەر ئەم خالە هاودەنگن کە مافی هەلبژیران، مافی قورغکراوی "خۆیی‌یەکان"ەو مافی شارۆمەندان بۆ هەلبژاردن‌و هەلبژیرانی دلخواز لە روانگەی ئەوانەوە بێمانا‌و بەکردەوە رەت کراوەتەوە. بەپیی ئەم راستی‌یە، حیزبی ئیمە سیاسەتی هاندانی خەلکی بۆ بەشداری نەکردن لە هەلبژاردن دا، بە دروست ترین هەلویست لەم قۆناغە لە خەباتی ئازادیخوازانەدا دەزانێ. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە لە بەیاننامەی کومیتەی ناوەندی لە پیوەندی لەگەڵ هەلبژاردنی دەورەی هەشتەمی سەرۆك کۆماری‌دا بەراشکاوی هاتوە:

"داوا لە کۆمەڵانی خەلکی کوردستان‌و سەرانسەری ئیران دەکەین کە لە رۆژی ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٠ دا بە هەرجۆر بۆیان دەگونجێ، لەچوون بۆ سەر سندووقەکانی هەلبژاردن خۆ ببویرن. ئیستا کە کاندیداتۆری‌و هەلبژاردن ئازاد نیەو ریژیم دەیەوێ لە نیو خراپ‌و خراپتردا ناچارتان بکا یەکیك هەڵبژیرن، لی گەرین با ریژیمی ئیسلامی بۆخۆی کامیانی پێخۆشترە سەری پێ لە سندووقەکان دەربینێ‌و هۆبالی هەلبژاردنی کەسیك کە نە دەیەوێ‌و نە دەتوانێ خزمەت بە ئامانجەکانی خەلك بکا، نەکەویتە سەرشانی خۆتان." ❂

## هەواڵەکانی کوردستان

### مەریوان

**چەند هەواڵ لە ڕەفتاری جینایەتکارانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵك**

کەسێك بەناوی حەمە سەعی خەڵکی ئاوایی چۆڕ کە کاروانچی بووە لە مەرزی بناوەسووتە تەقەیان لێ کردوە، خۆیو وڵاغێکی کوژراون. جەنازەکەیان بە ٢٠٠ هەزار تمەن لە بیمارستانی مەریوان وەرگرتۆتەوە.

☯☯☯

چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەروەند بەراری زادە ڕەئیسی حەوزەی ئاوایی بەردەرەشە، بە زەربەی قۆنداغی تفەنگەکەی چاوی قاچاغچییەکی کە ماشینێك ڕۆنی بۆ مەریوان دەبرد، کوێر کردوە.

### سەلماس

بەپێی هەواڵ لە سەرەتای جۆزەردانی ئەمساڵدا کەسێك بەناوی فارس کوڕی یونس خەڵکی ئاوایی چیهریقی سەرووی سەر بە شارستانی سەلماس لەکاتی لێخوڕینی ماشین دا لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە تەقەی لێ کراو بریندار بوو. خەڵکی ئاوایی چیهریقی سەروو بەئاگاداربوون لەو هەواڵە هێرشیان کردە سەر پاسگای هێزە ئینتیزامییەکانو ویرای شکاندنی دەرگاو پەنجەرەکانی پاسگا، فەرماندەری پاسگاشیان کوتەك کاری کرد. ڕۆژی دواتر هێزی یارمەتیدەر لە سەلماسەوە گەیشتە ئاواییو ١٩ کەس لە خەڵکی ئاوایی دەستگیرو ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعات کرانو لەوێش پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی زیندانیان کردنو تا کاتی گەیشتنی ئەم هەواڵە، لە چارەنووسیان هەواڵێك لەدەست دا نیە.

☯☯☯

ماوەیەك لەمەوبەر کەسێك بەناوی ئەسعەد، کوڕی ئەحمەد، خەڵکی ئاوایی گەرماویچ سەر بە شاری سەلماس لە کاتی لێخوڕینی ماشین دا لە ڕێگای نێوان ورمێ ـ سەلماس لەلایەن هێزە ئینتیزامییەکانەوە تەقەی لێ کراو بریندار بوو ناوبراو تا ئێستا لە نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێدا کەوتوە. پێویستە بگوترێ کە هۆی تەقەلێکرانو بریندارکرانی ناوبراو ئاشکرا نەکراوە.

### کرماشان

ڕۆژی شەممە ٥ی جۆزەردان دوکتور جاسبی یەکێك لە کاندیداکانی سەرکۆماری لە زانستگەی ئازادی کرماشان بەرنامەی قسەکردنی هەبوو کە ژمارەیەکی کەم تێیدا بەشدار بوون. ئەوانەش کە بەشدار ببوون بە هاتو هاوارکردن نەیان هێشت ناوبراو قسە بکا.

### سنە

ئێوارەی ڕۆژی یەك شەممە ٦ی جۆزەردان بەپێی بەرنامەیەکی تەبلیغی دەبوا دوکتور جاسبی لە زانستگەی ئازادی شاری سنە قسە بکا، بەڵام خوێندکارانی ئەم زانستگەیە بە دەربڕینی نارەزایەتیو هاتو هاوار قسەکانی ناوبراویان بڕی.

هەر ئەم ڕۆژە ناوبراو قەرار بوو لە مزگەوتی مەلاوەیسی ئەو شارە قسە بکا، بەڵام سەرەڕای ئەو تەبلیغاتە زۆرەی بۆ کۆکردنەوەی خەڵك کرابوو، تەنیا ١٥ کەس بەشداری کۆبوونەوەکە بوون.

### ورمێ

**دوو قوربانیی دیکەی تەقینەوەی مین**

بە گوێرەی هەواڵێك کە لە ناوچەی ورمێوە بۆ "کوردستان" هاتوە، ماوەیەك لەمەوبەر دوو نەفەر بە ناوەکانی "صلاح ابراهیمیان" کوڕی صالح خەڵکی گوندی "گیسیان" و "عبدالسلام ابوالقاسمی" کوڕی "عبدالباقی" خەڵکی قایر وەسەر مین پەڕیون، یەکەمیان لاقی پەڕیوەو دووهەم کەسیش بریندار بووە. ☼

## تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

### سویس

**چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ئاغای ویلی تساند**

**ئەندامی حیزبی سوسیال دیمۆکراتی سویس**

هەیئەتێك لە کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس، کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممۆ، ڕیکەوتی ٢٠٠١/٥/٢٩ چاوی بە بەڕێز ئاغای ویلی تساند ئەندامی حیزبی سوسیال دیمۆکراتی سویس (SP) لە شاری بیرنی پێتەختی ئەم وڵاتە، لە دەفتەری ڕەسمیی حیزبی ناوبراو، کەوت. ئەندامانی هەیئەتی کومیتەی حیزبی دیمۆکرات بریتی بوون لە هاوڕێیان: عادل ئەلیاسیو نامدار سەفەری. هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات چەند بابەتێکیان لەگەڵ ئاغای ویلی تساند هێنایە بەرباس کە بریتی بوون لە:

باسێك لە سەر مێژووی تێکۆشانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو سیاسەتو بۆچوونەکانی لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێرانو ئەندام بوونی لە ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست دا.

بە هۆی نزیك بوونەوەی یادی دوانزدەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونی ڕێبەری مەزنمان کاك دوکتور قاسملووی نەمر، هاوڕێیان کورتە باسێك لە سەر مێژووی تێکۆشانی سیاسیی دوکتور قاسملوو ئەو گەورە پیاوەی مێژووی گەلی کوردو ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی وی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داو هەروەها تیرۆرکرانی لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو بێدەنگە کردنی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی وڵاتی ئوتریش لە بەرامبەر ئەو کارەساتەدا. هەر لەو پێوەندییەش دا، چەند دۆکۆمێنتو بەڵگەنامەیان دایە ئاغای ویلی تساند.

دوایین تەوەرەی باسەکە، لە سەر هەڵبژاردنی دەورەی هەشتەمی سەرۆك کۆماری لە ئێران دا بوو. کە هاوڕێیانی ئێمە بەیاننامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بە دوو زمانی ئینگلیزیو فەڕانسەیی، دایە ناوبراو. هەروەها بە کورتی ئاماژەش بە دەورەی چوارساڵەی تەمەنی سەرۆك کۆماریی محەممەدی خاتەمی کرا. هەروەها باس لەوەش کرا کە ئێران وڵاتێکی فرە گەلیو فرە مەزهەبییەو کەس یان کەسانێك دەتوانن ببنە سەرۆك کۆمار، کە شیعە مەزهەب بن. لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا کە زیاتر لە کاتژمێرێکی

🡐

# ئەدەب و هونەر

## پەنجەرەکانی بەرزەخ

قاسم مؤئەییدزادە "هەلۆ"



دوای مردنم،
لەسەر کێلەکانی گڵکۆم
هیچ مەنووسن.
چونکە ڕۆحم،
لە هەورو هەلای شەوێکی بەهاریدا
بۆ لاتان دەگەڕێتەوەو وەك برووسکە،
کورتە شێعری سەوزترین هاواری ڕوانەوەتان
لە سەر ئالای کێڵەکانم دەنەخشێنێ.

✵✵✵

دوای مردنم
لە سەر هەستی باڕووت پێچم
هیچ مەنووسن.
چونکە ڕۆحم
لە هەورو هەلای شەوێکی تۆفانیدا
بۆ لاتان دەگەڕێتەوەو وەك برووسکە شێعرەکانم
دەسووتێنێ
ئەوسا لە سەر تاقە گەلای زەرەدی پیرەداری گڵکۆم
گەورەترین شاکاری ڕوانەوەتان دەخولقێنێ

✵✵✵

دوای مردنم
تا سێ ڕۆژان لە هیچ شوێنێك
هیچ مەنووسن.
چونکە ڕۆحم لە سێهەم ڕۆژ،
لە گەورەترین تۆفانی هەتاویدا
بۆ لاتان دەگەڕێتەوە وەکوو هەور
لە سەر گۆڕستانی دارو بەردو ئاور دەگرمێنێ.

❀❀❀

## بەندیخانەی چارەنووس

فاتمە بداغی

من دیلێکی بەندیخانــەی
چارەنووسم
بریندای ئەشکەنجەگای قوربانیی خۆمم،
گێژەڵۆوکەی هانام
بۆ هەڵکەندنی دیواری باستیلی ئەشکەنجەگام.
من پێناسم، پێناسەم بۆ هەموو بی نێوەکان
هاورام ، هاوار
هاوارێکی بی تاوانم بە چیلکەو چاڵی وشەوە
لە قۆژبنی شێعردا گیرساوەوە.
من دەلاقەی دەرباز بوون،
لەم بەندیخانە ژنانەیە دەکەمەوە،
دەرگای قایم کراو لە لەشی سرکراوی ژین،
لە دیوە ساردو سڕەکەم دا دەکەمەوە
بەگڕی شێعرو پەخشان
لە ناو سۆبەی هەناوم دا
بە وشە بێزارەکانم بەڕاوێژی دەکەم
سەرماو سەخڵەتی ڕابردوو لە چیرۆکی سەرکەوتنم دا
ئاگر دەدەم.
قژی ئاڵۆسکاوو گرێدراوی بیرو ئەندێشە
بە شنەی بەهاری نوسراوەم شانە دەکەمو
هەوراز، هەورازو ڕەوەز، ڕەوەز،
بە چۆراوگەی بەفراوەکانی دا ئەدەمو
ئاوێتەی شەپۆلی سەرسووڕهێنەری زەریاکانی دەکەم،
تا بێتە ڕۆمان بۆ ئەفیانووسی کتێبەکان.

✩✩✩

## چیرۆك

خەبات رەسوولی

لێوەکانم کۆ دەکەمەوەو وەك یاقووتێکی سوور لێی دەروانم، جارێکی تر ماتیکەکەی هێواش پێدا دێنم.

بە قەڵەمە قاوەیییەکە دەوران دەوری لێوم، خەتی لێوە باریکەکەش دەکێشم.

کرێمی سپیاوەکە لە دەستم هەڵ دەسووەو پاشان کوڵمەکانو پاشان گشت دەمو چاوم. چاوم بە کلێکی رەش دەرێژم.

شانەش دەخەمە ناو پرچمەوەو هێواش دەست دەکەم بە داهێنان.

قرچە قرچی قژم دەخاتەوە بیری منداڵی، جگە لەوە چێژێکی تایبەتی هەیە. رەگەکانی گیانم تامی لێ دەبینن. چاوم دەنووقێنم.

کە چاو دەکەمەوە، لە خۆوە پێکەنینم بەو دۆخە دێ، ئەوە چ وەزعێکە. بێزم لە خۆم هەڵ دەستێ. بێزم لە لێو، لە چاو، لە لووتو لە پرچو . . . .

یەکەم شت کە دەستم پێی دەگا قوتوە ئارایشتەکەیە.

بە هێزو قووەتی خۆم تێی دەسرەوێنم. ئێشێك تێکەڵ بە خۆشییەك گیانم دادەگرێ بەڵام . . . دڵم سووکنایی دێ.

دەڕوانمە دەستم.

لەتە شووشەکان هێور . . . هێور دەردێنمەوە.

خوێن بازڵقەی بەستووە بە خورەم دێ ـ سوورایییەکی جوان وەك سووریی تارای بووکێنی. بە سەرمی دادەدەم.

بزەیەکیش.

پاشان بە قامکی شادەم خاڵێك لە تەوێڵم دەکوتم.

خوێن شۆراوگە دەبەستێو بە نێو چاوانم دا دێتە خوارێ. چاوەکانم دابەش دەکا.

خوێن بە لووتم دا،

خوێن بە لێوم دا،

خوێن بە ملم دا،

خوێن مەمکەکانم دابەش دەکا.

دەستم لە بان سەرم دەگوشم بەڵکو خوێن زیاتر بێ. لەشم سنوورێکی سووری لێ کێشراوە، باکوور، باشوور، رۆژهەڵاتو رۆژئاوا.

نا تەنیا.

رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا، مەمکی رۆژئاوا ـ مەمکی رۆژهەڵات.

خوێن دەبێتە دوو کەرتو هەر کەرتێکی مەمکێکم داگیر دەکا.

لە خۆم دەڕوانم.

تك تك لە گۆی مەمکمەوە دەڕژێتە خوار ـ وەك شیر ـ دەم دەخەمە ناو مەمکمەوەو دەست دەکەم بە مژینی خوێن.

نازانم چ تامە؟ شیرین؟ تاڵ؟ تەنیا تامی خوێنەو بەس. دەست هەڵ دەگرم.

سەرم وەبەر شێرە ئاوە ساردەکە دەدەم. ئاوێکی سارد وەك رۆژ وڵاتی لەشم دادەپۆشێ. مێشکم بە پڕتاو سارد دەبێتەوە، سارد . . . سارد . . . سارد تا دەتەزێ.

خوێنەکە رەنگ دەدۆڕێنێ ـ سوور ـ نارنجی ـ کاڵ ـ سپی ـ سپی ـ کەللەکەم تەزیوە.

کەدێمەوە بەر ئاوێنەکە؛

وەك کچێکی خووساوم لێ هاتوە

چ نەفرەتێکی ئەبەدی دای گرتووم.

لە خۆم بێزۆ بووم، لە . . . بە هەوڵەکەم خۆم ویشك دەکەمەوە.

پرچم لە پشت سەرم دەبەستم. پاشان ژێرکراسو کراسو کەوا پانتۆڵ.

پشتێنەکەم دەبەستم، جامانە شەترەنجیەکەشم لە سەرم دەبەستم.

٦ دەراغو دوو نارنجۆك ـ سەرنیزەیەکیش.

کلاشینکوفەکەم لەشان دەکەم ـ پووزەوانەو کەوشی شاخی دەکەمە پێو هێواش دەرگاکە دەکەمەوەو دیمە دەرێ.

***

# "ئەگەر هاتی"

سەید خدر میر سەیدی

ئەگەر هاتی لەو نێرگزە جارە چەپکێکم بۆ بێنە، با بێ وەردانەوەی ژیان بە حوکمی ویژدان بێمە رسکان. ئازیز! ئەگەر هاتی، لە بیرت نەچێ، ئاسکە خوونەکانی جارانم بۆ وەگێڕە، با بە خەیاڵێکی ناسك، لە تەلاری جوانیت پەیکەری ژیانێك، گیانێك،داتاشم کە دونیای حەزو بزە بێ.

ئەگەر هاتی لە حاست چیای خەمم چاوت مەقووچێنە، با رابێی چۆن ببینی، چونکە چاو پۆشی لە ژێردەستی و نزمیی ژیان، خەیانەتە بە ویژدان.

ئەگەر هاتی، بەقاقا وەرە باگۆلۆوکی تەمەنم، لە راست درکی ژاراویی ئەم هەزارە نوێیە، بپشکوێ، بەڵکوو بە دیار خەرمانی گوڵ، دەستە ملانی ژیان بین، ژینگەمان، سارایەکی سەوزەلان، دورگەیەکی

بەنوواو

بێژان بێ.

# ئاکامەکانی پەنجاوچوارەمین فستیڤالی نێونەتەوەیی "کان"

میلاد. م

پەنجاوچوارەمین فستیڤالی سینەمایی نێونەتەوەیی"کان" لە وڵاتی فەرانسە کە بە دەیان فیلمی کورتو درێژی سینەمایی بەشدارییان تێدا کردبوو لە نێوان رۆژەکانی ١٩ تا ٣٠ی بانەمەڕ (٩ تا ٢٠ی مای) دا بەرێوە چوو. لەماوەی ١٢ رۆژ کاری فستیڤال دا هەیئەتێکی داوەری بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمە بەشداربووەکان پێك هاتبوو کە بریتی بوون لە:

میمو کالوپرستی(دەرهێنەری ئیتالیایی)، شارلوت گینزبورگ (ئەکتەری فەرانسەیی)، تری گیلیام (دەرهێنەری ئەمریکایی)، جولیا اورموند(ئەکتەری ئینگلیسی)، موفیدە تەلعەتلی(دەرهێنەری تونسی)،لیواولمان(ئەکتەرو دەرهێنەری نوروێژی کە بەرپرسی هەیئەتی داوەرەکان بوو)، ریتی پان(دەرهێنەری کامبۆجی)و هەروەها سەمیرا مەخمەلباف(دەرهێنەری ئێرانی). هەیئەتی داوەرانی فستیڤالی "کان" پاش چەند رۆژ کاری هەڵسەنگاندن ئاکامی ئەو فستیڤالەیان بەم شێوەیە راگەیاند:

ـ خەڵاتی دارخورمای زێرین کە گرینگترین خەلاتی فستیڤالە، بەخشرا بە فیلمی"ژووری کوڕەکەم" لە دەرهێنانی نانی مورتی دەرهێنەری ئیتالیایی، کە لە ساڵی ١٩٨٤یش دا بۆ فیلمی "بیرەوەرییە تایبەتییەکان" خەڵاتی باشترین دەرهێنەری پێ بڕابوو. چیرۆکی فیلمی"ژووری کوڕەکەم" باس لە غەمی بنەماڵەیەك دەکا کە بە هۆی لە دەست دانی کوڕەکەیانەوە تووشیان هاتوە.

ـ خەلاتی بەرزی فستیڤال بۆ فیلمی "مامۆستای پیانۆ" لە دەرهێنانی میشل هانکە.

ـ خەلاتی باشترین دەرهێنەری فستیڤال بە هاوبەشی درا بە "ژۆئل کوئن" دەرهێنەری فیلمی "پیاوێك کە لەوێ نەبوو"و "دیوید لینچ" دەرهێنەری فیلمی"مول هولاند درایو".

ـ خەلاتی باشترین فیلمنامە نووس درا بە "دانیس تانوویچ" لە ولاتی بوسنی بۆ فیلمی "ناوچەی سەر سنوور".

ـ خەلاتی کامێرای زێرین بۆ فیلمی"راکەری چالاك" لە وڵاتی کانادا.

شایانی باسە کە لە ولاتی ئێرانیشەوە چەند فیلم بەشدار بوون کە بریتی بوون لە:

ـ فیلمی(زیر نور ماه)"لە ژێر رووناکایی مانگ "دا لە دەرهێنانی رەزا میرکەریمی

ـ فیلمی(بیگانە و بومی) "بێگانەو خۆجێیی" لە دەرهێنانی عەلی قاسمی

ـ فیلمی(سفر بە قندهار) "سەفەر بۆ قەندهار" لە دەرهێنانی موحسین مەخمەلباف

ـ فیلمی(A.B.C آفریقا) "A.B.Cئەفریقا" لە دەرهێنانی عەباس کیارۆستەمی کە هیچ کامێکیان نەیانتوانی خەلاتی هەیئەتی داوەرەکانی پەنجاوچوارەمین فستیڤالی نێونەتەوەیی"کان" بە دەست بێنن.

## بەشداریی کامکارەکان لە فستیڤالی نێونەتەوەیی سەنگاپووردا

ئا: ئیدریس.ه



گرووپی موسیقای کامکارەکان بۆ بەشداری کردن لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی سەنگاپوور، رێکەوتی ١٠ی جۆزەردانی ئەمساڵ بەرەو ئەو وڵاتە وەرێ دەکەونو موسیقاو گورانیی کوردی پێشکەش بە هۆگرانی موسیقا دەکەن. پاش ئەو بەرنامەیەش رۆژی ٧ی رەزبەر بۆ بەشداری لە فستیڤالی نێونەتەوەیی دەچن بۆ مونیخی ئەڵمانو چەند کونسێرتێك لە شارەکانی زوریخ، فرایبورگ، کۆڵنو بێرلێن پێشکەش دەکەن.

سەرەرای ئەوەش ئەردەوان کامکار بە تەکنەوازیی سەنتوور بەشداری لە فستیڤالی نێونەتەوەیی لەندەن دا دەکات. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە گورانی بێژی بە ناوبانگی هێند "جاگێت سینگە"ش ئامادەی ئەو فستیڤالە دەبێو ئەردەوانیش موسیقای سوننەتیی ئێرانی بە سازی سەنتور پێشکەش دەکات.

بریار وایە کە گرووپی کامکارەکان بێجگە لەو بەرنامە هونەرییانە کە لە ماوەی ئەمساڵدا بەرهەمیان دێنن لە وڵاتانی تورکیەو بێلژیكو هولەندو ئەمریکاش دا بەرنامەی هونەری پێشکەش بکەن.

سەرچاوە: ئینترنێت

## کۆچی دوایی جەمیلە شێخی ئەکتەری هەلکەوتەی شانۆ، سینەماو تەلەویزیون

ئا: دلێر



بە پێی هەوالێك کە رۆژی ٤ی جۆزەردان بلاوکرایەوە جەمیلە شێخی ئەکتەری لە مێژینەی سینەماو شانۆو تەلەویزیون، لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد.

جەمیلە شێخی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی لە شاری زەنجانو لەبنەماڵەیەکی کۆچەری قەفقازی لە دایك بووە. جەمیلە شێخی کاری هونەریی خۆی ٤٤ ساڵ لەمەو پێش لە شانۆی "باوك"دا دەست پێ کردو لە ماوەی ٤٤ ساڵی رابردوودا لە دەیان شانۆ، فیلمو بەرنامەی تەلەویزیونیدا رۆڵی بینیوەو دوایین کاریشی بەشداری لە نوێترین فیلمی بە ناوی "کاغذ بی خط"دا بوو کە ١٢ رۆژ پێش مردنی رۆڵی تێدا بینی بوو.

# "ئەوین"

سیروان

**رازو نیازی نێوان دوو دڵدار، دوو لاوی خوێنگەرمی وڵات لە سەر"ئەوین". "ئەوین"ێک کە خۆشەویستییەو هێمای پیرۆزترین‌و بەرزترین جۆری پێوەندی نێوان ئینسانەکانە. "ئەوین"ێک کە لە ئێرانی ئەورۆدا بۆتە جێی یەخسیر کردن‌و ئەشکەنجەدانی ئازادیخوازانی ئێرانی. "ئەوین"ێک کە کچی شۆخ‌و شەنگ لێی دەدوێ، زیندانی بە ناوبانگ‌و ترس هێنەری شاری تارانە کە لە مێژ ساڵە ئازادیخوازانی تێدا زیندانی دەکرێن. ئەگەر چی ئەو زیندانە لە ئەسل دا ناوی "ئێوین"ە، بەڵام زۆر کەس بە هەڵە "ئەوین"ی پێ دەڵێن. بە هەر حال نووسەری ئەم پەخشانە وێکچوونی رواڵەتیی ئەو دوو وشەیەی کردوە بە هەوێنی رازو نیازی دوو دڵدار.**



کوڕ: کە ویستم لە خەرمانی وشە جوانەکان، جوانترین وشە بکەمە دیاری‌و لەگەڵ چەپکێ سوورە گوڵی وەفاداری پێشکەشی خۆشەویستی چاوەروانیان بکەم، لاپەڕەی هەنبانە بۆرینەو گەلێك فەرهەنگم هەڵ دایەوە، وشەیەك جوانتر لە "ئەوین" لە بەر کامێرای چاوەکانم دا تێ نەپەڕی‌و هەستی جوانی پەرستی منی سەوداسەری سەربەستیی نەبزاوت. پێنووسی دەستی سستم لە سەر سینگی سپی لێنووس سووڕایەوە:

ئازیزەکەم! "ئەوین" وشەیەکە شاعیران دەیکەنە مەرجانی ناو دەریای وشەکان‌و پەخشان نووسان پەخشانی پێ دەنەخشێنن. "ئەوین"، سۆزو گڕی دڵە، فرمێسکی ناو زەریای چاوەکانە، ناڵەی شەوانی بێ دەنگی‌و بێ دەنگیی بەر شەمی شەوانی شینە. چاوەڕوانیی بەرتریفەی مانگە شەوو هەناسەی گۆشەی تەنیاییە. ئەوین، پێکەنینی جێژوانی ژیان‌و سۆزی شمشاڵی بەر ئاگری شەوی شوانە. چاوە چاوی ناو گوەندی بەرماڵان‌و وردە نیگای بێ پسانەوەی رێگەی کانیی کچی جوانە. ورینگەی بولبولە، بزەی خونچەی سەر تۆپی گوڵ، گریەی شەمی دەمار سوتاوو سوتانی پەروانەی بێ پەرواچی دەگەیەنێ، سۆزوگڕی ئەوین نەبێ.؟!"ئەوین"، کۆترێکی سپی خاڵ لە ملی چاو بە کلە، کە لە بن دیواری سینەی ئەویندا هێلانە دەکا، کەی کاکەمەم لە زیندانی رەشی "بەکر"دا دەستبەسەر دەبوو، دەفتەری ژیانی فەرهادی کۆکەن پەڕیوە دەبووو مەجنونی شەیدا دەربەدەر دەبوو، ئەگەر ڕەپستەی ئەوین لە کیلگەی دڵیان دا کەروێشکەی نەکردبا ؟!

ئازیزەکەم! "ئەوین" ئاوات‌و ئارەزو، هیواو هومێد، وادەو وەفاداری، یاری‌و یەکدڵی‌و نەرم‌و نۆڵیە. ئەوین، جوانترین جوانی‌و گەشترین وشەیە.

کچ:

خۆشەویستم! لەم وڵاتە کە خوێنخۆرانی زەحاك سفەت بە دیتنی تەورە بەخوێنەکان سەما دەکەن، کە خوێنی هەزار دەتکێتە ناو ساغری‌دەستی پەستی بەدمەستەوە، خۆش دەبن. حەیاو شەرەف تۆزوخۆڵی ژێر پۆستاڵی ڕەشی روو رەشانەو تریاك، نامووس تیرۆر دەکا. بێچووە بولبولەکانی پێش جریوە خەفەو خونچە پێش پشکووتن سیس دەبن، "ئەوین" کەی مانای وای هەیە. کە ناوی"ئەوین" دەگاتە گوێی گەورەو گچکەی وڵاتەکەم، بزە دەبێتە لێوە لەرزەو شادی شینی لێ شین دەبێ. "ئەوین" شینە گورگێکی نێو چاوان گرژی کەڵپ گری ورگ درە. ئەژدیهایەکی دەم پڕ لە گڕە کە شیرەی ترسێنەری پێڕۆو پەلەوەرە. "ئەوین"، ئەشکەوتێکی بێ رەوزەنەی خامۆش‌و خەلوەتە کە دەرگاکەی بە شاقەلی عەبای چڵکنی کولکن داپۆشراوە. تەندورێکی بێ گڕفەیە، سەروکەللەی هەرچی ئاسکی ناسکی سڵە، کۆلکەی گڕی بلێسەکانیەتی. تاریکە بازاڕێکە، دلاڵەکانی لە سەر ئالوگۆڕی کالای کاڵ‌و کولاو، وێنەی دڕندەی پێ سووتاو، نەرەیانە.

"ئەوین"، چاڵی رەشی بەکرە شەیتانەکانی سەردەمە، شوێنی دەس بە سەرکردنی هەزاران شەیدای وەك مەمە. کانگای دەردو رەنج‌و خەمە.

"ئەوین" ئازارو ئەشکەنجە، هاوارو هەڵواسین. ویژینگ وون بوون، یەخسیری و یەخەگرتن‌و نەمان‌و ناڵینە، "ئەوین" ناحەزترین‌و رەشترین وشەیە.

کوڕ:

خۆشەویستم! لەو دەمەوە کە مڵهوڕان هەوساری حکومەتیان گرتۆتە دەست. لەودەمەوە کە وڵات چۆتە ژێر رکێفی چەند ئاخوندی کۆنەپەرست،"ئەوین" جێژوانی ئەویندارانی خاك پەرستە، جێی ئەشکەنجەو ئازاردانی نووسەران‌و شاعیرانی خاوەن هەستە.

تا ئەو رۆژەی هەوری چڵکن بەری ئاسمانی ساماڵی نیشتمانەکەم بەرنەداو بووکی ئازادی لە سەر سەوزەی سەر بەستی تارای سەربەخۆیی بە سەردا نەدا لەم وڵاتە ژێر چەپۆکە ئەوین مانای عەشق نادا، بەو ئاواتە شنەی شەماڵی شادی‌هێنەر پەردەی رەشی مەینەت لاداو هەوری ئەوین رێژنەبارانی شادی داداو لە دەشت‌و چیای ئەم دیارە، گوڵی ئەوین سەر وەدەرنێن.

★★★

خایاند ئاغای ویلی تساند قەولی دا راپۆرتی باسەکانی ئەم چاوپیکەوتنه له کۆبوونەوەی گشتیی ساڵانەی حیزبەکەی‌دا که بەم نزیکانه پیك دی، باس بکاو بەلینیشی دا که لەمەودوا پیوەندیی بەردەوامیان لەگەڵ کومیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران له وڵاتی سویس هەبێ.

## نۆرویژ

### بەشداریی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات له ریورەسمەکانی رۆژی نەتەوەییی نۆرویژی‌یەکان دا

بەبۆنەی ١٧ی مای (17 Mai) رۆژی نەتەوەییی نۆرویژی‌یەکان، له شاری ونیسلای (له جنووبی نۆرویژ)یش وەك هەموو شارەکانی دیکەی نۆرویژ، ئاهەنگو ریورەسم بەریوه چوو. شایانی باسه که له دوو بەشی ئەم ریورەسمانەدا ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکرات له جنووبی نۆرویژ بەشدرای‌یان کرد. لەبەشی یەکەم دا، چەندین هەزار کەس نۆرویژی پاش بەشداری کردنو ریپیوانی نیو شەقامەکان، له سەعات ٥ی ئیوارێ له مەیدانی فووتبالی شار کۆبوونەوه تا بەشداری له بەشیکی دیکەی مەراسیمەکەدا بکەن. لەو بەشەدا پاش چەند چالاکیی هونەری که قوتابیانی نۆرویژی ئەنجامیان دا، نۆره گەیشته یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران. سەرەتا کاك یوسف سووری بەرپرسی یەکیەتیی لاوان له پەیامیك دا که به نۆرویژی نووسرابوو، ویرای پیرۆزبایی ئەو رۆژه له خەلکی نۆرویژ هیواداریی دەربری که کوردیش بتوانێ له وڵاتی خۆی بەئازادی یادی رۆژه نەتەوەیی‌یەکانی خۆی بکاتو پاشان پۆلیك له ئەندامانی یەکیەتیی لاوان به لیباسی جوانی کوردی‌یەوه بۆ ماوەی ١٠ دەقیقه دوو سێ جۆر داوەتی کوردی‌یان گیرا. هاوکات لەگەڵ هەلپەرینەکه له بلیندگۆکانەوه دەنگی هونەرمەندی کورد رەزازی بڵاو دەبۆوه که هەزاران کەس گوییان لی گرتبوو. ئەم کارەی یەکیەتی لاوان لەگەل پیشوازی‌یەکی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو.

سەعات ٨ی ئیوارەی هەر ئەو رۆژه کۆمەلیکی زۆر هونەرمەندو شاعیر، نووسەرو شەخسییەتەکانی جۆراوجۆری شار له کلیسای گەورەی وینسلای کۆبوونەوه. لەویش پاش خویندنەوەی چەند وتارو شیعر نۆبەی یەکیەتیی لاوان هاتو بەر له پیشکەش کردنی هەلپەرکیی کوردی، بەریوەبەری بەرنامه چەند پرسیاریکی سەبارەت به کوردو کوردستان له یەکیك له کچانی لاوی دیمۆکرات کرد که بەریكو پیکی وەڵامی درایەوه. پاشان بۆ ماوەی ١٠ دەقیقه هەلپەرکیی کوردی بەگۆرانیی رەزازی پیشکیش کرا. دیسانیش ئەو کارەی یەکیەتیی لاوان پیشوازیی گەرمی لی کرا. پیویسته بگوترێ هەوالی ئەو بەشداری‌یەی لاوانی کورد له ژمارەی رۆژی دوایی رۆژنامەی ئۆستان دا بڵاو بۆوه.

## ئەلمان

### پیکهاتنی سمیناریک له ژیر ناوی " وەزعی سیاسیی ئیرانو ئەرکەکانی ئیمه"

له سەر بانگهیشتنی کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوەی پایەداری سیاسی ـ لقی ئەلمان، رۆژی شەممه ١٢ی مانگی مای ٢٠٠١، سمیناریك له ژیر ناوی وەزعی سیاسیی ئیرانو ئەرکەکانی ئیمه" له شاری فرانکفورت پیك هات. لەو سمینارەدا که زیاتر له ١٥٠ کەس بەشدار بوون ، نوینەرانی ئەو ریکخراوانه قسەیان کردو هەلسەنگاندنو روانگەو بۆچوونی ریکخراوەکانیان هینایه گۆرێ: ١ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران ٢ ـ ریکخراوی فیدایی‌یەکانی گەلی ئیران (اکثریت) ٣ ـ ریکخراوی یەکیەتیی فیدایی‌یەکانی گەلی ئیران، ٤ـ فیدایی‌یه کومونیستەکان، ٥ـ ریکخراوی کریکارانی شورشگیری ئیران(ریگای کریکار).

له لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوه کاك عەبدەلرەزا کەریمی لەو سمینارەدا بەشدار بوو. نوینەری حیزب له لیکدانەوەی وەزعی سیاسیی ئیران دا گوتی: "کۆماری ئیسلامی دیاردەیەکه نه توانای ئالوگور (تحول)ی هەیەو نه تەحەمولی ئالوگۆر تیدا پیکهاتن بەرەو دیموکراسی . . . وەزعی سیاسیی وڵات پاش٢٣ سال به جۆریکه که به وتەی رۆژنامەی فەرانسەیی لوپوان، ژماردنی پیچەوانەی له بارەی ریژیمی ئیران دەستی پێ کردوه. منیش پیم وایه که ریژیم بەراستی پیی ناوەته سەرولیژی لیك هەلوەشان. هەموو بەلگەو نیشانەکان، پیشاندەری چالاك بوونی خەلكو سەر لیشیواویی ریژیمن بۆ سەلماندنی ئەو راستی‌یه زۆر بەلگەو دەلیل هەن کەمن له بەر دریژ نەبوونەوەی قسەکانم ئیشاره به یەکیکیان دەکەم. له ماوەی چوار سالی رابردوودا ئاغای خاتەمی لەگەڵ ئەوەش دا که باوەری قوولی به ریژیمی ویلایەتی فەقیهی هەیه توانای هەلگرتنی چووکترین هەنگاوی بەردەوامی له بواری ریفورم دا نەبوو. چونکه قبوولکردنی ئەو تاقه هەنگاوەش له توانای ریژیم دا نەبوو. هەر بۆیه ئەرکی ئیمه هەولدان له پیناوی پیکهینانی تەشەکولیك بەمەبەستی سەقامگیر کردنی دیموکراسی‌یەکی دەستەبەر کراو یا به وتەیەکی دیکه سیستمیکی دیموکراتیکه. لەروانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوه، ئەو ئەرکه گرینگه تەنیا به چارەسەر کردنی کیشەی نەتەوایەتی که له راستی‌دا هەمان کیشەی دیموکراسی‌یه، جێبەجێ دەبێ، له وڵاتی ئیمەدا چارەسەر کردنی کیشەی نەتەوایەتی یانی چارەسەر کردنی کیشەی دیموکراسی، چونکه مەسەلەی دابەشکردنی دەسەلات چارەسەر دەکا. .. ئیمه هەولدان بۆ پیکهینانی سیستمیکی ئەوتۆ به ئەرکی ئەمرۆیی خۆمان دادەنینو هەولْ دەدەین ئەو بیره بەرینه نیو نەسلی هەلسووڕو چالاکی ئەمرۆ له نیو خۆی وڵاتەکەمان دا."

## هولەند

### بەشداری له کونفرانسی هەلبژاردنی سەرکۆماریو دووره دیمەنی ئالوگۆرەکان

له سەر بانگهیشتنی ریکخراوی یەکیەتیی فیدایی‌یەکانی گەلی ئیران رۆژی ٥ی مانگی مای ٢٠٠١ کونفرانسیك له ژیر ناوی هەلبژاردنی سەرکۆماریو دوورەدیمەنی ئالوگۆرەکان، له وڵاتی هولەند پیك هات. ئەو ریکخراوانەی نوینەریان لەو کونفرانسەدا بەشدار بوو بریتی بوون له: ١ـ ریکخراوی فیدایی‌یەکانی گەلی ئیران (اکثریت) ٢ـ حیزبی توودەی ئیران، ٣ـ یەکیەتیی فیدایی‌یه کومونیستەکان، ٤ـ ریکخراوی کریکارانی شورشگیری ئیران، ٥ـ حیزبی کومونیستی کریکاری، ٦ـ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران. له ماوەی کاری کونفرانسەکەدا هەموو ئەو حیزبو ریکخراوانه هەلویستو بۆچوونی خۆیان راگەیاندو وەڵامی پرسیاری بەشدارانیان دایەوه.

ئەندامانی کومیتەی حیزبی دیمۆکرات له هولەندو هاورێ عەبدولرەزا کەریمی لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون. هاورێ کەریمی له بەشیك له قسەکانی دا گوتی: له دووی جۆزەردان [ی٧٦]دا خەلك به هەلبژاردنی خاتەمی به سەرکۆمار "نا"یان به ریژیمی ئیسلامی گوت. ـ له چوار سالی رابردوودا خاتەمی زۆر جاران باسی بێتوانایی خۆیو بوونی ئەو دەسەلاتانەی کردوه که وەك کۆسپو ریگر له سەر ریی هەن. ئەوه له حالیك دابووه که ناوبراو به توندی دیفاعی له "ولایت فقیه" کردوەو بۆ پاراستنی تێکۆشاوه. خاتەمی له راستی‌دا بەلینەکانی خۆی نەبردۆته سەرێو به هیندیك ریفورمی زۆر رووکەش (سطحی) پیشی رووبەرووبوونەوەی خەلك له گەڵ ریژیمی گرتوه. خاتەمی له راستی دا بۆ پاوانخوازەکان کاندیدایەکی زۆر گونجاوه. ئەگەرچی به روالەت پیکەوه ناکۆکی‌یان هەیه، بەڵام ناکۆکیی ئەوان له سەلیقەدایه، نەك له سەر بیرورا. له بارەی قەتله زنجیرەیی‌یەکانەوه ناوبراو تەنانەت ئەرکه شەرعیی‌یەکەی خۆشی خسته ژیر پێو بیدەنگەی لی‌کردو تاوانبارە ئەسلی‌یەکانی ـ که دەشی ناسین ـ نەناساند. خاتەمی هەم له نیوخۆو هەم له دەرەوه هەولی دا سیمایەکی مەعقووڵ لەو ریژیمه پیشانی دنیا بداو بەم جۆره سەرمایەکانیان بۆ لای ئیران رابکیشێ. بەڵام ئەو هەولانه دیواری ئیسلامو ویلایەتیان هاته پیشێو زیاتر بوون به هۆی پەرەگرتنی نیگەرانیو راکردنی سەرمایەکان. بەم جۆره بیگانه بوونی نیزامی ئیسلامیو "ولایت فقیه" له گەڵ ئازادی هەرچی زیاتر دەرکەوت. هەر بۆیه له سیستەمیکی ئەوتۆدا که توانای بەرەوپیشچوونو تەحەمولی ئالوگۆری نیه، هەلبژاردن تەنیا وەك تاکتیکیك دەبێ سەیری بکری.

# مافی نیونەتەوەیی‌و مەسەلەی کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان

## بەشی دووهەم: پێناسەکان

نووسینی: ئاسۆ حەسەن زادە

بۆ سەرنجدان بە مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان و لەنەزەر گرتنی ماف و پاریزگاری بۆ وان، مافی نیونەتەوەیی لەگەڵ زۆر کەندو کۆسپ بەرەوروو بۆتەوە کە هەموویان بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو یاسایە کیشەی کەمایەتی‌یەکان بە شیوەیەکی درەنگ وەخت لە ریزی بابەتەکانی دا جێ بکاتەوە، یا سەرنج پیدانەکەی نیوەچڵو پرکەم و کووری بێ. بە دریژایی میژووی یاسای نیونەتەوەیی و ئەمرۆشی لەگەڵ بێ، کۆسپی هەرە گەورە، ئەسلی سەروەریی بێ ئەملاوئەولا (حاکمیت مطلق)ی دەولەتان و قەدەغەبوونی دەستوەردان لەکاروباری نیوخۆیی‌یان دابووە. بەڵام لیرەدا پیویستە بەتایبەتی باسی گیروگرفتی پیناسەکردنی کەمایەتی‌یەکان بکەین.

لە دنیادا بە شیوەیەکی بێ ئەژمار و یەکجار رەنگاورەنگ کەمایەتی هەن. لە راستی‌دا زۆر بوونی پیوانەکانی کەمایەتی بوون بۆتە هۆی گەورە بوونەوەی ژمارەی کەمایەتی‌یەکان. هەر ئەوە کە شارەزایان کەمتر وشەی "کەمایەتی" بە تەنیا بەکاردەبەن و هەمیشە ئاوەلناو (صفت)یکی وەك "میللی"، "مەزهەبی"، "قەومی"، "زمانی"و...هتدی لێ‌زیاد دەکەن نیشان دەدا کە قسە نەك لە "کەمایەتی‌یەك" بەلکو لە "کەمایەتی‌یەکان"ە.

کەوابوو جۆراوجۆریی وەزعییەت و مەوریدەکان، پیشنیار کردنی هەر چەشنە پیناسەیەکی تاك و هەموولاگیر دژوارترو بگرە ناموومکین دەکا. سەرەرای ئەوەش پیویستە مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان بەو جۆرە کە مافی نیونەتەوەیی بۆی دەچێ لە هیندێ دیاردەی دیموگرافیی دیکەی وەك گەلانی بوومی‌و خەلکانی کۆچەرو پەنابەر (مهاجرین) جودا بکریتەوە.

هۆیەکی دیکەی نەبوونی پیناسەیەکی تاقانەو پەسند نەکراوی کەمایەتی لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا نەبوونی متمانەی نیوان دەولەتان و پاریزی لە رادەبەدەریان دەرهەق بەم جۆرە مەسەلانەیە. دیارە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە نەبوونی پیناسەیەکی واحید باشیی ئەوەی هەیە کە مەسەلەی کەمایەتی‌یە جۆربەجۆرەکان کە لەناخی‌دا دیاردەیەکی سۆسیۆلۆژی (جامعە شناسی)شە لە چوارچیوەیەکی تەنگ و داخراوی یاسایی دا نابەستریتەوەو ئیمکانی "انعطاف" دەمینێ، بەلام لەو لایەنەشەوە جیگای داخە کە بەم جۆرە دەولەتان ئاسانتر دەتوانن ئیددیعای نەبوونی کەمایەتی لەولاتەکانیان دا بکەن و ئەو ئەرك و ئیجبارانە پشت گوێ بخەن کە یاسای نیونەتەوەیی لەم بارەیەوە دەیخاتە ئەستۆیان.

نەبوونی پیناسەیەکی واحید لە کەمایەتی‌یەکان بەو مانایە نی‌یە کە هیچ کۆنوانسیۆنیکی نیونەتەوەیی یان هیچ سەرچاوەیەکی قەزایی کەمایەتی‌یەکانی پیناسە نەکردوە. بە پیچەوانەوە زۆر مەتن و ناوەندی نیونەتەوەیی هەن کە پیناسەیەکی ئەوتۆیان پیشنیار کردوەو دەکرێ بکرینە بناغە بۆ ساغ کردنەوەی چەشنایەتیی کەمایەتی‌یەکان. کۆمیتەی خەبات لە دژی فەرق و جیاوازی و بۆ پاریزگاری لە کەمایەتی‌یەکان ـ کە سەر بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە ـ کەمایەتی بەم شیوەیە دەناسینێ:"کۆمەلیك لە ئینسانەکان کە ژمارەیان لە زۆربەی خەلکی ولات کەمتر بێ‌و ئەندامانی ئەو کۆمەلەیە لە هەمان کات دا کە هاوولاتیی دەولەتەکەن، لەباری رەگەزی (نژاد)، مەزهەبی یان زمانی‌یەوە جیاوازی‌یان هەیەو ئەو جیاوازی‌یەش دەبیتە هۆی پیکهاتنی هەستی هاوپیوەندی لەنیو ئەندامانی کەمایەتی‌داو هانیان دەدا بۆ ئەوەی بۆ پاراستنی فەرهەنگ و داب و نەریت و زمان و ئایینیان تێ‌بکۆشن." پیویستە بگوترێ کە وەختی خۆی دیوانی هەمیشەیی عەدالەتی نیونەتەوەییش لە سالی ١٩٣٠داو لە پیوەندی لەگەڵ کەمایەتی‌یە یوونانی ـ بولغارەکان دا شتیکی نزیك لەو پیناسەیەی گوتبوو. ئیمە لیرەدا [دەتوانین] پیناسەکەی سەرەوە ـ کە تەنیا نموونەیەك لەو پیناسانەیە کە کراون ـ بکەینە تەوەرە بۆ خستنەرووی هەندێ تیبینی.

لەپیش دا لەسەر کەمایەتی بوون لەباری ژمارەوە پیویستە بگوترێ کە ئەو مەسەلەیە پیوەندیی بە چوارچیوەی سەراسەری، ناوچەیی یان محەللی‌یەوە هەیە کە دەکریتە مەحەکی هەلسەنگاندنی دیموگرافیی کەمایەتی‌یەکان. هەلبژاردنی هەرکام لەو چوارچیوانە دەتوانێ ئاکامی جیاوازو تەنانەت دژبەیەکی هەبێ. بۆ وینە ئەگەر ئەو کۆمەلە ئینسانی‌یە بە فەرهەنگ جیاوازە لە ئاستی ولات دا کەمایەتی‌یە، لەسەر خاك و زیدی خۆی دەتوانێ زۆرایەتی پیك بینێ. وەیان زۆرجار هەڵدەکەوێ ئەندامانی قەومەکانی دیکە و بەتایبەتی زۆرایەتیی ولات لەو ناوچەیەدا کە کەمایەتی‌یەکی لێ‌دەژی، بەنۆرەی خۆیان دەکەونە وەزعییەتی کەمایەتی بوونەوەو ئەوکاتە پاریزگاری کردن لە مافە تایبەتی‌یەکانی وانیش دەبیتە پیویستی‌یەکی مەشرووع. جگە لەوەش هەرکاتیك کەمایەتی دەسەلاتی سیاسیی ولاتی بەدەستەوە بوو ناکرێ لەروانگەی مافی نیونەتەوەیی‌یەوە بە کەمایەتی لە قەلەم بدرێ. لەمەر کەمترین و زۆرترین رادەشەوە (حداقل و حداکثر) دەبێ بلیین کە هیچ مەرجیکی لەو بابەتە وجوودی نی‌یەو ئەوە پیوەندیی بە پارامیترەکانی دیکەوە هەیە.

ئینجا سەبارەت بە "جیاواز بوون لەباری نەژادی، مەزهەبی یان زمانی"یەوە، دەبێ پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە ئەو فاکتەرانە هەم "منحصر" نین و هەم دەتوانن یەکتر بگرنەوە. واتە ئەوە تەنیا نەژاد و مەزهەب یا زمان نین کە دەتوانن کۆمەلیك ئینسان بکەنە کەمایەتی. جودا لەوە کە ئەمرۆ شاهیدی کشانەوەو کەمرەنگ بوونەوەی مەسەلەی کەمایەتی بوون لەسەر بناغەی نەژاد لە ئاستی نیونەتەوەیی داین، ئەوە دەستەواژەی "کەمایەتیی میللی"یە کە هەتادێ زیاتر خۆی دەسەپینێ. بۆ نموونە راگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی هیلسینکی لەچوارچیوەی ریکخراوی ئەمنییەت و هاوکاری لە ئورووپا لەسالی ١٩٧٥ بە شیوەیەکی سەرەکی باسی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکان دەکاو راگەیەندراوی سالی ١٩٩٢ی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەسەر کەمایەتی‌یەکان هەم سیفەتی "میللی"و هەم پاشگری "قەومی، مەزهەبی، زمانی" بەکار دەبا.

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە هەموو پیکهینەرە ناسراوەکانی پیناسەکردنی گەل و نەتەوە (کە زمان لە هەموویان گرینگترە) دەتوانن لە شوین و کاتی خۆیان دا و بە نۆرەی خۆیان ببنە پیوانە بۆ بە کەمایەتی لەقەلەم دانی کۆمەلیك مرۆڤ. هەرکاتیکیش سەرجەمی ئەو پیکهینەرانە بە شیوەیەکی زەق و جیاواز لە خەلکی دیکە، لە کەمایەتی‌یەك دا بەدی کرا، ئیدی واقیعی کەمایەتی بە شیوەیەکی قوولتر و ئالۆزتر لەگەڵ ئەوە کە پیی دەلین "گەل" یا "نەتەوە"و لە ئاکام دا لەگەڵ دەولەت واریدی کیشەو رکەبەری دەبێ. کاتیك دەستەواژەی "کەمایەتیی میللی"، مانای راستەقینەی خۆی بەخۆوە دەگرێ کە "ئیتاناسیۆن" لە ولاتیکدا هەبێ. بەبێ بوونی دەولەتی میللی، کەمایەتیی میللی واتایەکی ئەوتۆی نابێ. بۆ وینە لەو ولاتانەدا کە "فرەنەتەوەیی" شیوەیەکی ←

دەستووری (قانوونی) و نەهادینەی بەخۆوە گرتوە، باس کردن لە کەمایەتیی نەتەوەیی دروست نیە. کاتیك کەمایەتی‌یەکی میللیی راستەقینە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانەی تیدا کۆدەبنەوە کە نەتەوەیەکی رەسمی‌و قبوولّ کراو هەیەتی، ئەوە نیشان دەدا کە "کەمایەتی"و "نەتەوە" دەتوانن واقیعی ئینسانی‌و کۆمەلأیەتیی وەك یەك بگرنە خۆیان. زۆرجار کەمایەتی‌یەك بە دامەزراندنی قەوارەی سیاسیی خۆی بە رەسمی بە نەتەوە دانراوەو زۆر نەتەوەش هەبوون کە لە ئەنجامی لەبەریەك هەلوەشان و دابەشکردن دا، هەموو یان بەشیك لە خەلکەکەیان بوون بە کەمایەتی. هەر ئەوە کە دەولەتان حەز ناکەن دان بە بوونی کەمایەتی‌یە میللی‌یەکانیان دابنین بەلگەی ئەوەیە کە کەمایەتی‌یەکانیان دەتوانن میللەتیش بن.

ئەگەر دیسان لە پیناسەکەی کۆمیتەی خەبات لە دژی فەرق و جیاوازی (تبعیض) ورد بینەوە، سەرنج دەدەین کە هەر ئەوەندە بەس نیە کە کەمایەتی‌یەك کۆمەلە تایبەتمەندی‌یەکی فەرهەنگیی بابەتی (موضوعی) جیاواز لە باقیی خەلکی ولأتی هەبێ، بەلکوو مافی نیونەتەوەیی کاتیك ماف و پاریزگاری بۆ کەمایەتی‌یەك قایلە کە ئەو کەمایەتی‌یە مەرجیکی خۆیی (ذاتی)یشی تیدا هەبێ‌و بە هەبوونی هوشیاری و ئیرادەی بەکۆمەلّ (دستەجمعی) مەوجوودییەتی جیاوازی خۆی دەربخاو لە دژی ستەم و تەبعیزو بۆ هەرمان و گەشەکردنی ـ ئەگەرچی بەشیوەی سنووردارو نەگوتراویش بێ ـ هەولّ بدا. زۆر جار کەمایەتی‌یەك ئەگەرچی لەباری قەومی‌یەوە خاوەنی تایبەتمەندیی‌یەکانی خۆی بووە، نەیویستوە کەسایەتی (هویت)ی خۆی بکاتە بنچینەی پیگەیشتن و چوونەپیشی سیاسی‌و ئابووریی خۆی و بە توانەوە لە فەرهەنگی زۆرایەتی رازی بووە (لەهستانی‌یەکانی ئالمان)، یان ئەوە کە ویرای هەولدان بۆ پاراستن و گەشە پیدانی فەرهەنگەکەی داخوازیی سیاسیی نەبووە (خەلکی ئەلزاس ـ لۆرینی فەرانسە) یان ئەو داخوازی‌یانەی زۆر دوور نەرۆیشتوون (مەجارەکانی ئوتریش) و سەرەنجام داخوازی‌یەکانی تەواوەتی ئەرزی دەولەتەکەیان نەخستۆتە ژیرپرسیار (کەمایەتی‌یەکانی ئیتالیا). لەو پیوەندی‌یەدا دەبێ بگوترێ کە سەرزەمین و پەرش و بلأو نەبوونی کەمایەتی‌یەك نەخشیکی بریاردەر لە دیاریکردنی پلەی ویستەکانی کەمایەتی‌یەکان دا دەبینێ‌و دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کە دیموکراسی‌و گەشەکردنی ئابووری دەتوانن شوینەواری زۆر کاریگەریان لەسەر هەست و ویستەکانی کەمایەتی هەبێ.

زۆر جار گوتوویانە کە ئەو کۆمەلە مرۆڤانە بە کەمایەتی دادەنرین کە لە ئاستی نیونەتەوەیی‌دا وەك گەل یا نەتەوە حیسابیان بۆ ناکرێ. ئەو وتەیە لەگەلّ ئەوەدا کە ناکرێ بەتەواوی راست بێ، هیندێ بەلگەو نیشانەی لە یاسای نیونەتەوەیی‌دا هەن. بۆ نموونە پەیمانی نیونەتەوەییی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌یەکان کە سالی ١٩٦٦ لە چوارچیوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا پەسند کرا لە یەکەمین ماددەی خۆی دا مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلان رادەگەیەنێ، لە حالیك دا سەبارەت بە کەمایەتی‌یەکان لە ماددەی ٢٧دا تەنیا باسی مافە فەرهەنگی‌یەکان دەکا. هەروەها پەیمانەکانی ئاشتیی پاش شەری یەکەمی جیهانی هەم دیاریکردنی چارەنووسی هیندیك لە گەلان (ئەوانە کە ئەودەم بوون بە دەولەت) و هەم مافی ئەو کەمایەتی‌یانەیان کە دەکەوتنە نیو ئەو دەولەتە تازانەوەی لە نەزەر گرتبوو. بەمجۆرە زۆر مەتنی حوقووقی لەنیوان گەلان و کەمایەتی‌یەکان دا جیاوازی دادەنین. لەبەرامبەر یەکتر دانانی مافی گەلان و مافی کەمایەتی‌یەکان (کە لە بەشەکانی داهاتووی باسەکەمان دا زیاتر شی‌دەکریتەوە) واقیعیکی هەرچەند تالّ بەلأم حاشاهەلنەگری مافی نیونەتەوەیی‌یە.

هۆی ئەم مەسەلەیە دەگەریتەوە سەر ئەوە کە بە "گەل" لە قەلەمدانی کەمایەتی‌یەکان دەتوانێ ئاکامی مەترسیدار بۆ مانەوەی دەولەتانی بەدواوە بێ، چونکە ئەگەر مافی نیونەتەوەیی "گەل" بوونی کەمایەتی‌یەکان بە رەسمی بناسێ، ئەوە دەبیتە هۆی ئەوە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان لە پیشکەوتووترین شیوەی دا (سەربەخۆیی) پێ بە رەوا بزانێ. ئەمرۆ تیکستە نیونەتەوەیی‌یەکان وا تەفسیر دەکرینەوە کە وشەی گەل یا نەتەوەیان کە تیدا بەکار هاتوە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو گەلانەیە کە دەولەتیان پیك هیناوە. بەلأم دەزانین کە بەرەسمی ناسینی گەلیك و پیدانی مافی بنیاتنانی دەولەت هەرگیز بناغەیەکی موضوعی‌و حوقووقیی نەبووەو هەمیشە بە پیی هەلخوازی (فرصت طلبی)ی سیاسی بووە. هەروەك بۆ کەمایەتی‌یەکان، لەمەر گەلانیش دا پیناسەیەکی پەسند کراوی گەل یا نەتەوە لە مافی نیونەتەوەیی دا نیە. هەربۆیە "تعریف"یان وەلاناوەو "توصیف"یان لەجێ داناوە، واتە ئەو کۆمەلە مرۆڤانەیان بە گەل و نەتەوە لە قەلەم داوە کە دەولەتیان هەیە.

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە "کەمایەتی"و "گەل" یان "کەمایەتی"و "نەتەوە" دەتوانن واقعییاتی ئینسانیی وەك یەك بگرنە خۆیان. ئەوە تەنانەت لە بەراورد کردنی شیوازی پیناسەکردنەکانیش دا وەدەردەکەوێ، واتە ئەو پیکهاتە خۆیی‌و بابەتی‌یانەی (عناصر ذاتی‌و موضوعی) ـ کە لەپیناسەکردنی کەمایەتی دا تووشی بووین ـ و لە رابردوودا تیئۆریسیەنە ئالمانی‌و فەرانسەیی‌یەکانی بۆ پیناسە کردنی گەل بەرەورووی یەکتر کردۆتەوە، لە پیناسە جۆربەجۆرەکانی گەل و نەتەوەش دا هەن بۆ وینە "مانزینی" کە وەستای یەکگرتنەوەی ئیتالیا بوو ئاوا پیناسەی "ناسیۆن" یا "نەتەوە" دەکا:"کۆمەلەیەکی فەرهەنگیی مرۆڤەکان کە خاوەنی سەرزەمین و حکوومەت و داب و نەریت و زمانی هاوبەشن و هوشیاری کۆمەلأیەتی‌یان هەیە". "ستالین"یش لە پیناسەکەی خۆی دا بۆ نەتەوە هەمان تایبەتمەندی‌یە فەرهەنگی‌یە هاوبەشەکان بەزیاد کردنی لایەنی بەردەوامی‌و میژوویی بوون و هەروەها ژیانی ئابووری‌و ساختاری رەوانیی هاوبەش باس دەکا، بەلأم ئەوە وەبەرچاو ناگرێ کە فاکتۆری هەرە سەرەکیی نەتەوەبوون هوشیاریی نەتەوەیی‌و ویستی پیکەوەژیان و چارەنووسی هاوبەشە.

لایەنیکی دیکەی پیناسەکان جیاوازیی نیوان قەوم بوون و میللەت بوونە. ئەو جیاوازی‌یە لەوەدا دەبینن کە قەوم نیوەرۆکی فەرهەنگی‌و میللەتیش مانایەکی سیاسی هەیە، واتە ئەو کاتە قەومیك دەبیتە میللەت کە قەوارەیەکی سیاسی کە سنوورەکانی بەرەسمی ناسرابن بۆخۆی داریژێ. تیئۆریناسەکانی مافی دەستووری (حقوق اساسی) لەنیوان قەوم و گەل و میللەت دا قات بەندی (سلسلە مراتب) دروست دەکەن و ئیتاناسیۆن (دەولەت ـ میللەت) کە دیاردەیەکی سروشتی نیەو داهینانیکی سیاسیی شۆرشەکانی ئەمریکاو فەرانسەیە لە سەرووی هەموویانەوە دادەنین.

راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەو چەمکانەی سەرەوە هەلقولأو لە پیشینەی سیاسیی ناوچەی ئیمە نین و زۆرجار بە هەلە یا بە نیازی خراپ بەکار هاتوون. شتیکی کە دەبێ لەبەرچاومان بێ ئەوەیە کە مرۆڤ هاوکات دەتوانێ ئەندامی چەندین کۆرو بازنەی کۆمەلأیەتی ـ فەرهەنگی تەسك یا فراوانتر بێ‌و ئەوە هەماهەنگ بوون یا نەبوونی پیوەندی‌یەکانی نیوان ئەو کۆمەلأنەیە کە دەبێ بکرینە پیوانەی چۆنیەتیی دارشتنی موحیت و قەوارەی ئەو پیوەندی‌یانە.

بەهۆی بۆچوونی جۆراوجۆرو دژبەیەکی گەلان و دەولەتان، یاسای نیونەتەوەیی لە پیناسەکردنی نەتەوە خۆی دەبویرێ‌و بەوەندە قەناعەت دەکا کە دەولەت بە نوینگەی گەل (بەمانای دانیشتووانی ولأتیك) لە قەلەم بدا. ئەو یاسایە هەولّ دەدا لەگەلّ مەسەلەی کەمایەتی‌یەکان وەك واقیعیك مامەلە بکا و کەمتر خۆی بە پیکهاتەی راستەقینەی کۆمەلأیەتی‌و فەرهەنگیی گەلانەوە خەریك دەکا. ⁂

ئـەم

# چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی منداڵان لە ئێرانی ئیسلامی‌دا

خالید

**هیچ ئازاریك گەورەتر لە ئازاری منداڵیك نیـە كە بۆ یەكەمین جار تامی تاڵی زوڵمو ناعەداڵـەتی دەچێژێ.**

رۆمین رۆڵان

**نەفرینێك كە لە دەروونی بێدەنگی منداڵیـك بـەرز دەبێتـەوە، شـوێن دانـەرترە لـە توورەیـی بەهێزترین پیاوان**

براونینگ

**منداڵ زیاتر پیویستی بە نموونەو ئولگوو هەیـە تاكوو ڕەخنەو سەركۆنەكردن**

ژوبر

منداڵان بـەو چینـەی خـوارەوەی كۆمەڵگـە دەگوترێـن كـە بـە هـۆی هەڵومـەرجی جیسـمیو فیكرییان لە بارودۆخێك دا نین كە بتوانن بەرگری لە مافو داخوازەكانی خۆیان بكەن. ئەو كارە دەكەوێتە سەرشانی كۆمەڵگە، حكوومەتو ئەو ئۆرگانانە كـە مافو پیویستییەكانی منداڵان بـەرەسمی دەناسـنو دەیانناسێـنو لـە هــەوڵی جیبـەجێكردنیان دان. بەهۆی هەر ئەو تایبەتمەندییانەی دنیـای منداڵانـەو بە سەرنجدان بـە پیویستیی پشتگریی تایبـەت لـە منداڵانە كە زۆر ڕێككەوتننامەو پەیماننامەو یاسای جۆراوجۆر، بەمەبەسـتی پشـتگیریو پاراسـتنی منداڵان پەسند كراوە. هەرچەند دەبـێ بگوترێ كـە زۆربـەی ئـەو پەسـندكراوانە بـەهۆی نـەبوونی دەستەبەرێك بۆ بەڕیوەچوونیان لە زۆربەی وڵاتان داو لەنیوان گەلانی جۆراوجۆردا تاكوو ئیستا بە كـردەوە بـەڕیوە نـەچوون، بـەو حاڵـەش كۆمـەڵیك یاسـاو ڕاگەیەندراوی وەك:

١ ـ ڕێككەوتننامـەی ژنیـف لـەبارەی مـافی منداڵان (ساڵی ١٩٢٤)

٢ ـ ڕێككەوتننامەی پاراستنی مـافی منـداڵان لەلایـەن كـۆڕی گشـتیی ڕێكخـراوی نەتەوەیەكگرتووەكانەوە (بیستی نوامبری ١٩٥٩ی زایینی)

٣ ـ ڕاگەیـەندراوی جیـهانیی مـافی مـرۆڤ، بەتایبـەتی بـەندی ٢ی مـاددەی ٢٥و زۆر بەڵگـەو پەسندكراوی دیكەی ڕێكخراوە نیونەتەوەییەكان كە بە قازانجی منداڵان تێكۆشانیان هەیـە، هـەر لـەو كاتـەدا كـە نیشانەی بوونی فەرهـەنگی منـداڵ ئـازارین، نیشانەی لـەگۆڕێدابوونی ئیرادەیـەكی نیونەتەوەییـیە بـۆ پشـتگیریو دابیـن كردنـی داخوازەكانی ئەو توێژە لە ئەندامانی كۆمەڵگە. لـەم وتارەدا چاوخشاندنێكی كورتمان دەبێ بەسـەر چـەند لایەن لە بـارودۆخی دڵتـەزینی ژیـانی منـداڵان لـە ئیرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی‌دا.

### ئەو منداڵانەی بە دوو زمان قسە دەكەن

مـاددەی ٣٠ی (پشـتیوانیی لــە كەمایــەتی) پەیماننامەی ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان لەبارەی منداڵانی سەر بە كەمایەتییەكان دەڵێ: "منداڵانـی سـەر بـە كەمایەتییـە مەزهـەبیو قـەومی یـا زمانییەكان لەو وڵاتانەدا كە ئـەو كەمایەتییانـەیان تیدا دەژین، مافی ئەوەیان هەیە كە لەگـەڵ كـەسو كاری خۆیـان دا بەشیوەی بەكۆمـەڵ (گروهی) یا تاكەكەس (فردی) لە مـافی فـێربوونو بـەڕیوەبردنی ڕیوشوینەكانی فەرهەنگو مەزهـەبی خۆیـان كـەلك وەربگرنو بەكاری بـەرن." (١) بـەڵام ڕاستییەكەی ئەوەیە كە لە وڵاتـی فرەگـەلیی ئـیران دا سـەرەڕای بوونی كۆمەڵیك فەرهەنگی جۆراوجۆر، نەتەنیا هیچ بایەخیك نەدراوە بە خویندنـی منـداڵان بـە زمـانی زگماكی، بـەڵكوو بـەپێداگرتن لەسـەر فـیركردنی : "زمانی فارسی وەك یەكیك لە هۆكارە ئەسڵییەكانی یەكگرتوویی نەتەوەیی لە سەرانسەری وڵات دا" (٢) بەكردەوە دەست كـراوە بـە تواندنـەوەی زمانـەكانی دیكە لە نیو زمانی ڕەسمیی وڵات دا كـە ئـەم كـارە ئیستاش درێژەی هەیە. ئـەوە لـە كـاتیك دایـە كـە جیاوازیی زمانی زگمـاكیی منـداڵان لـە ئـیران داو گیروگرفتی فیربوونی زمـانی ڕەسمیـی وڵات بـۆ ئـەو قوتابیانە كە لە منداڵیدا زمانیكی دیكە فیر دەبـن مەسەلەیەكی زۆر گرنگە كە سـەرنجدان بـە ئـالۆزیو تایبەتمەندییەكانیان لە كاتی پەروەردەو فـیربوون دا پیویستییەكی حاشاهەڵنەگرە.

### ناونانی منداڵان

لە یاسای ناونووسین (ثبت احوال)ی پەسندكراوی ساڵی ١٣٢٥و بـەناو دەسكارییەكان (اصلاحیـە)ی ساڵی ١٣٦٣دا زۆر نموونەی جۆراوجـۆر بـۆ ناونـانی منداڵان لەبـەرچاو گـیراون كـە جیگـای تیرامـانو وردبوونەوەن. بەپیی (تبصرە)ی ١ی مـاددەی ٢٠ی یاسای ناونانی كۆماری ئیسلامی: "هەڵبژاردنی ئـەو ناوانـەی كـە دەبنـە هـۆی سـووكایەتی بـە بایەخـە پیرۆزەكانی ئیسلامو هـەروەها هـەڵبژاردنی نازنـاوو ئەو ناوانەی كە ناشیرینو سـووكنو یـا ناتـەباییان لەگـەڵ جینسـی منـداڵدا هەیـە، قەدەغـەن." (٣) گونجاندنی نموونەی ئەوتۆ لە یاسای ناونـانی وڵات دا ڕوونـتر لـەوەن كـە پیویستییان بـە لیكدانـەوەو شیكردنەوە هەبێ. قسەی تیدا نیە كە پەسـندكردنی جۆرە یاسایانە، خۆتیهەڵقورتاندنـە لـە مەسـەلەی ناونـانی منـداڵان داو دەسـتتیوەردانی بـێ ئـەم لاو ئەولایە لە هەریمی بنەماڵـەكان دا كـە نموونەیـەكی دیكەیە لە زوڵمو ستەم بەرامبەربە منداڵان.

ڕیژیم تـا ئـەو جیگایـە چۆتـە پیشـێ كـە نامیلكەیەكی لەناوی منداڵان بەچاپ گـەیاندوە كـە مەئموورەكانی ناونووسین، بـاوكو دایكی منـداڵان ناچار بە هەڵبژاردنی ناوی منداڵەكانیان لە ڕووی ئەم نامیلكەیە دەكەنو ئەگـەر نـاویكیش بەپیچەوانـەی ڕیوشـوینو پەسـندكراوەكانیان ڕابگەیـەندرێ، مەئمووری ناونووسین بەپیی یاسـاو بەخشـنامەكانی پیوەندیدار، قەدەغەبوونی ڕادەگەیەنێو لە نووسـینی ناوەكە لە ئەسنادا خۆ دەبوێرێ. بوونی منداڵانـی دوو ناو لە كوردستانی ئیران داو لـە نیـوان گـەلانی ژێر ستەمی دیكەی وڵاتەكەمان دا، بەڵگەیەكـە بـۆ ڕاست بوونی ئـەم ئیدیعایـە كـە باوكـانو دایكـان لەناونانی جگەرگۆشەكانی خۆیان دا ئازاد نین.

### جیاكردنەوەی جینسی

حكوومەتی ئیسلامی پەرەپیدەری دڵتـەزینترین شیوەكانی جیاكردنەوەی جینسی لـە قوتابخانـەكانو ناوەندەكانی ئامووزیشی دایە. جیاكردنەوەی جینسی بەشیوەی ڕەسمی لە یاساكانی ئامووزشـیی ڕژیم دا پەسند كراوە. ڕاستییەكەی ئەوەیـە كـە سـەپاندنی شیوەكانی هەڵسوكەوتی نابـەجێ لەگـەڵ بـارودۆخی تەمـەنو سـایكۆلۆژیی منـداڵانو مـیرمنداڵان لـە شیوەی لیباس لەبەركردن، ئارایشی قـژو پیوەندیـی كـوڕو كـچ لـە ناوەندەكـانی ئاموزشـی‌داو لەبەرچاونـەگرتنی گەشـەكردنی دەروونـیو كۆمەڵایەتیی منداڵانو میرمنداڵان بەتەواوی بەسـەر میشكی ئەوانە كە بۆ ئەم توێژە پرحەشیمەتەی وڵات بەرنامە دادەرێژن زاڵە. وەك جینسی دووهەم چـاولی كردنی كچانو دەست نیشانكردنی ئولگوویـەكان لـە بـارەی جینسییەتییەوە لـە كتیبـەكانی دەرسـیو بەرنامـە ئاموزشـییەكان دا شـوینەواریكی تیكدەرانەیان لەسەر میشكی كوڕو كچ داناوە. لـە ئاكامی پیادەكردنی ئەو جۆرە بەرنامە دواكەوتووانـە دایە كە بەپیی هیندیـك لـە ئامارەكـان: "ژنان لـە سەدی ٥٥ی لقـەكانی خویندنی زانسـتیو فـەننیو ٣٥/٥٧٪ی لقەكانی علوومی ئینسانی، ٢٣/٣٥٪ی لقـەكانی خویندنی علوومـی تـەجروبیو ٥/٢٦٪ی لقەكانی خویندنی هونەردا ناتوانن دریژە بە خویندن بدەن، واتـە كۆسـپی یاسـاییان لەسـەر ڕیگـا دایە." (٤)

←

## کەلک وەرگرتنی خراپ لە منداڵان

### لەباری جینسی‌یەوە

یاساکانی دەسەڵاتدارانی وڵات بەپێچەوانەی یاساناسراوەکانی نیونەتەوەیی، تەمەنی شووکردنی کچانیان بەپێی شەرع لە ١٨ ساڵ تەمەنەوە تا ٩ ساڵ هیناوەتە خوارێ. ئەمە لە راستی‌دا بەجۆریك چەوساندنەوەی جینسی دەژمیردرێ. ئەو کچۆڵانەی کە بێ هیچ ترسیك لە یاسا بە پیاوانیك بەناوی هاوسەر دەفرۆشرین، سیغەی کچانی بنەماڵە بێ‌تواناو کەم داهاتەکانی کۆمەڵگا، گۆشەیەکن لەو جینایەتانە کە رەسمییەتیان پەیدا کردوە. کورانی منداڵیش لە باروەزخیکی باشتردا ناژین، بەڵام کەمتر سەرنجیان پێدراوە. لەگەڵ ئەوەش دا کە منداڵان لە باری جینسی‌یەوە کەلکی خراپیان لی وەردەگیرێ، لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی‌دا سزای قوربانیی دەستدریژی لە سزای دەستدریژکەر قورسترە.

### منداڵانی کریکار

لە ئامارە رەسمییە دەولەتی‌یەکانی ئیران دا، منداڵانی کریکار کە لە ١٠ ساڵ بەرەو ژوورترن، لە ئامارەکانی کارکردن دا ویرای گەورە ساڵان کۆ دەکرینەوە. هەر چەند ئەمرۆ ئاماریکی روون و ورد لە بارەی منداڵانی کریکار لە بەردەست دانیە، بەڵام ئەمرۆ منداڵانی ئیرانی بەشیك لە هیزی کار، لە کارگەو مەیدانەکانی شارەداریو فروشگاکانو. . . پیك دینن کە بەتەواوی لە مافە دەستەبەرکراوەکانی ناوەندەکانی کارو بیمەکانی کریکاری بێ بەرین. "هەروەها خاوەن کارەکان بەشیکی دیاریکراو لە داهاتی منداڵانی کریکار ـ جگە لەو بەشەی کە بە بیانووی پاراستنیان لە بەرامبەر گەورە ساڵان، یا مەئمورەکانی شارەداریو پولیس دا لێیان دەگیرنەوە ـ بۆ خۆیان گل دەدەنەوەو سەرئەنجام ئەوەی کە دەمینیتەوە بۆ تیرکردنی زگی برسیی ئەو منداڵانەی خەرج دەکەن."(٥) چوونی منداڵان بۆ بازاڕی کاری ئیران زەبری زۆری لەم تویژەی کۆمەڵ وەشاندوە. تویژیك کە هیچ ریکخراوو ئۆرگانیك بەرپرسایەتیو پشتگیریی ئەوانی قبوول نەکردوەو لە بازاڕی شلوغی کاری ئیران دا بەرەبەرە دەبن بە گولیکی ژاکاو کە لە ئاوەدانکردنەوەی داهاتووی وڵاتەکەیان دا کەمترین رۆڵیان دەبێ.

### منداڵانی سەرشەقام

یەکیك لە گیروگرفتەکانی چوونی منداڵان بۆ بازاڕی کاری ئیران، زۆر بوونی منداڵانی بێ خانەو لانەی خیابانی‌یە کە ئەمرۆکە باندە مافیای‌یەکان بەشیوەیەکی بەربڵاو هیناو بردنو کەلکی خراپ وەرگرتن لەوانیان گرتۆتە دەست خۆیان. بە پیی هیندیك لە ئامارەکان : "٤٠ لە سەدی ئەم منداڵانە کەوتوونەتە داوی مەوادی موخەددیر، ٣٥ لە سەدیان راکردن لە ماڵەوەیان تاقی کردۆتەوەو ٨٢ لە سەدیان لە قۆناغی خویندن دا وازیان لە خویندن هیناوە."(٦)



لە راپۆرتیك دا کە ریکخراوی یونیسف ساڵی ٧٧ سەبارەت بە منداڵانی خیابانی لە شاری تاران دا ئامادەی کردبوو هاتبوو:"یەکیك لە گرنگترینی ئەو مەترسی‌یانە کە هەرەشە لە ژیان و و داهاتووی منداڵانی خیابانی دەکا، کەوتنە داوی جینایەتکارانو گەورە ساڵانی سازماندراوە کە بۆ گیرفانبری، فرۆشتنی مەوادی موخەددیر کەلکیان لێ وەردەگرنو یا بۆ گەیشتن بەئامانجی گڵاوی خۆیان لە باری جیسمیو جینسی‌یەوە کەلکی خراپ لەو منداڵانە وەردەگرن". ☼

**پەراویزەکان:**

(١) ـ ئەم پەیماننامەیە لە لایەن کوری گشتیی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە رۆژی ٢٠ی نوامبری ١٩٨٩پەسند کراو، کۆماری ئیسلامییش لە ریکەوتی ٧٢/١٢/١دا بە پەسندی مەجلیسی شووراری ئیسلامیی گەیاند.

(٢) ـ کتیبی "پاسخ بە تاریخ" لە نووسینی مەحەمەدرەزا پەهلەوی، لاپەرە ٢١٩

(٣) ـ حەوتوونامەی "سیروان" ژمارە ١٤

(٤) ـ کتیبی " زنان در بازار کار ایران" نووسینی میهرئەنگیزی کار ـ چاپی دووهەم ١٣٧٩

(٥) ـ بلاوکراوەی "کار" ژمارە ٢٠٨

(٦) ـ بلاوکراوەی "ایران تایز" ژمارە ١٥١٨

## کونفرانسی هەژارترین وڵاتانی جیهان

**دریژەی دواڵاپەرە**

لەم کۆنفرانسەدا ژمارەیەك لە سەرۆكو نوینەرانی وڵاتانی پیشکەوتوو دامەزراوە جیهانی‌یەکان لەوانە: ئالبیری دووهەم پادشای بیلژیك، گوارن پیرسۆن سەرۆك وەیری سوئید، ژاك شیراك سەرۆك کۆماری فەرانسە، رۆمانۆ پرۆدی سەرۆکی یەکیەتیی ئورووپا، نوینەری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، کانادا، سەرۆکی بانکی جیهانیو. . . بەشداربوون. کورتەیەك لە وتەی ژمارەیەك لە بەشداربووان بەم شیوە بوو:

رۆمانۆ پرۆدی هەژاریی وڵاتانی جیهانی سیهەمی بە "غدە" (لوو)یەکی سەرەتانی شوبهاند کە پیویستە بەهۆی وڵاتان دەولەمەندەوە لە نیو ببرێ. ژاك شیراك سەرۆك کۆمار فەرانسە باسی لە سرینەوەو نەهیشتنی تەواوی قەرزەکانی وڵاتە هەژارەکان کرد. سەرۆکی بانکی جیهانی ئاماژەی بەو نابەرانبەری‌یە ئابووری‌یە کرد کە هەر ئیستا ١٠٪ی حەشیمەتی جیهانی لە چنگی خۆی‌دا ریك دەگوشێ. ئۆپاسینجۆ سەرۆکی نیجریە لەبەشیك لە قسەکانی‌دا گوتی: "هەژاری واتە لەدەست دانی هەمموو شتیك، واتا لە دەست دانی خۆراكو ئاوو ماڵ تا دەگاتە لەبیرچوونەوەی مافەکانی مرۆڤیش . . ."

لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەك لە وڵاتانی جیهان ئامادەیی خۆیان نیشان دا کە بە چەشنیك هاوکاریی وڵاتە هەژارەکان بکەن. سوئید رای‌گەیاندکە بودجەی یارمەتیی ئاوەدانکردنەوەی خۆی لەماوەی دەساڵی داهاتوودا تا رادەی ٥٠٠ هەزار دۆلار زیاد دەکا. ژاك شیراك باسی لە زیادکردنی یارمەتیی ئاوەدانکردنەوە کرد. کانادا پیشنیاری کرد یەك میلیۆن دۆلار بۆ پەرەپیدانی تیجارەت لە هەژارترین وڵاتانی جیهان دا، تەرخان بکا. ئەمریکا رای‌گەیاند ٢٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی‌یەکانی ئازارە باریکە (سل)، "مالاریا"و "ایدز" لەبەرچاو گرتوە. یەکیەتیی ئورووپا کە گەورەترین یارمەتیدەری وڵاتانی جیهانی سیهەمە رای‌گەیاند کە دەیهەوێ ریکخراوی تیجارەتی جیهانی چالاکی‌یەکانی خۆی بەقازانجی وڵاتانی هەژار زیاد بکا. لەوانە، ئاسانکاریی گومرکیو هەروەها هینانی شتومەك لەو وڵاتانە. هەروەها ژمارەیەك لە بەشداربووانی کۆنفرانس پیکهینانی ئاسانکاری‌یان لەبواری تیجارەت دا وەك تەنیا هۆکاریك بۆ نەهیشتنی هەژاری، رەت کردەوەو گوتیان کە وڵاتانی هەرە هەژار بۆ لابردنی هەژاری دەبێ لە ئابووریی جیهانی‌دا پشکدار بن.

ئەو کۆنفرانسە رۆژی ٢٧ی مای پاش حەوت رۆژ کاری بەردەوام کۆتایی بە کارەکانی خۆی هینا. ☼

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of
Democratic Party of Iranian Kurdistan

No:312 1 Jun 2001



لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ رۆژنامەی
"کوردستان"
لەگەڵ ئەم ئادریسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:

AFK
B.P. 102- 75623 PARIS
CEDEX 13- FRANCE
Tel. 0033145856431, Fax. 0033145852093


## کۆچی دوایی ئەندامێکی لەمێژینەی حیزبی



بەپێی هەواڵێك کە لە شاری سەردەشتەوە بەدەستمان گەیشتوە، رۆژی یەك شەممە ٦ی جۆزەردان هاورێیەکی لەمێژینەی حیزبی بەناوی مام حەسەن حەکیم زادە دوای نەخۆشییەکی سەختی چەند ساڵە کۆچی دوایی کردوە. حەسەن حەکیم زادە پێشمەرگەی سەردەمی کۆماری کوردستانو ئەندامێکیهەڵسووڕو چالاکی دەورانی سەختی خەباتی نهێنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو. لەو ساڵانەدا حەکیم زادە بەکردەوە وەك پەیکێکی چالاکی حیزبی، پەیامەکانی حیزبی لە ناوچەکانی سەردەشتو مەهابادو بانەو بۆکان دا دەهێناو دەبردو ماڵەکەی هەمیشە حەشارگەی نووسراوەکانی حیزبو پەناگەی ئەو کادرە تێکۆشەرانە بوو کە بەنهێنی رێگایان دەکەوتە ناوچەی سەردەشتو جێگای ژیانی ناوبراو.

بۆ هەمووی ئەو کارو تێکۆشانە کە زۆرجار لە سەری دەکەوتە بەر ئازارو جەزرەبەی بەکرێگیراوانی رێژیمی پاشایەتییش، هەروەك سروشتی خەباتو خەباتگێرانی ئەو سەردەمە بوو، حەسەن حەکیم زادە هیچ کرێو پاداشتێکی وەرنەدەگرتو تەنانەت چاوەڕوانی دەستخۆشو ئافەرینێکیش نەبوو.

کاك حەسەن بیری ئازادیخوازانەی لە نێو بنەماڵەکەشیدا برەو پێدا و لە ئاکام دا پێنج کوڕی هەبوون، هەموویان رێگای حیزبی دێمۆکراتیان هەڵبژاردو هەرکامەی بۆ ماوەی چەند ساڵ وەك پێشمەرگەش خزمەتیان کردو هەر ئێستا یەکێك لە کوڕەکانی زیاتر لە بیست ساڵە پێشمەرگەیەکی ئەمینو دڵسۆزو تێکۆشەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.

ئێمە بەبۆنەی کۆچی دوایی کاك حەسەن حەکیم زادەوە وێڕای بەداخ بوون لە لەدەستدانی ئەو تێکۆشەرە دێرینە سەرەخۆشیی گەرمی خۆمان پێشکەشی هاوسەری بەوەفایو کوڕەکانیو کچەکانیو سەرجەم ئەندامانیبنەماڵەیو هەموو دڵسۆزانی حیزب دەکەینو بەردەوامیی رێبازەکەیو وەدیهاتنی ئامانجە پیرۆزەکانی بەئاوات دەخوازین.

سڵاو لە گیانی پاکیو نەمری بۆ ئاواتو ئامانجە رەواکانی

## کۆنفرانسی هەژارترین وڵاتانی جیهان



**ئامادەکردنی: ع. بەهرامی**

سێهەمین کۆنفرانسی هەژارترین وڵاتانی جیهان رۆژی ٢٠ مانگی مای ٢٠٠١ی زایینی لە شاری بروکسێل پێتەختی بیلژیك دەسەتی بەکار کرد. لەم کۆنفرانسەدا ٤٩ وڵاتی هەرە هەژاری جیهان بەشدار بوون کە ٣٤ وڵاتیان ئەفریقایی بوون. ئەو جۆرە کۆنفرانسانە هەر دە ساڵ جارێك بۆ تاوتوێ کردنی وەزعییەتی وڵاتە هەژارەکانی جیهانوهەوڵدان بۆ پەرەپێدانی باری ئابووریو کۆمەڵایەتیو کەم کردنەوەی ئازارو مەینەتییەکانی ئەو بەشە لە حەشیمەتی جیهان کە لەو وڵاتانەدا دەژینو راکێشانی یارمەتیی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، پێك دێ. ئامانجە دیاریکراوەکانی ئەو کۆنفرانسە بریتیبوون لە : ١ ـ پەرەپێدانی یارمەتیی ئاوەدانکردنەوە، ٢ ـ کەم کردنەوەی قەرزەکان، ٣ ـ پەیوەست کردنی وڵاتانی هەژار بە ئابووریی جیهانییەوە.

کۆنفرانسی وڵاتانی جیهان کە بیرۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو جارێك لەلایەن سکرتێری گشتیی ئەم رێکخراوەوە دەکرێتەوە. لەکاتی کردنەوەی کۆنفرانسی ئەم جارەدا کوفی عەنان لە قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە : "مەبەست ئەوەیە کەئەو ئینسانانەی بەهۆی هەژارییەوە تووشی مەینەتیو چەرمەسەری هاتوون تا ١٥ ساڵی دیکە ژمارەیان بگاتە نیوەی ئێستا."




**لە دەرەوەی وڵات یارمەتییە ماڵییەکانی خۆتان بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بدەن بەم حیسابە بانکییە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکییەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE



**بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بروانە ئەم لاپەڕەیەی ئینتێرنێت:**

http: // WWW. Pdk- iran. Org
e- mail: pdkiran @ club- internet. fr


**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**